# مستەفا بارزانی

## ئیرادەی بڕیاردانی قورس
## لە ئاسمانی تەم و مژاویی قەیرانەکاندا

## دروستکردنی رایەڵەیەکی پێکەوەڕۆیی
## لەنێوان فیکری مستەفا بارزانی و ئێستاماندا



**ئەوەی لەو مێژووەوە فێر دەبین، ئەوەیە لەناو هەر نائومێدییەک و ڕۆژگارێکی سەختدا کە ڕووبەڕووی ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی بووبێتەوە، ئەوا هەموو جارێک بەهێزتر لە پێشان لێی هاتۆتە دەرەوە و هەموو جارێکیش قۆناخێک دۆزی ڕەوای گەلەکەمانی بردۆتە پێشەوە**

نەتــەوە زیندووەکانــی جیهــان بایەخێکــی لــە ڕادەبــەدەر بــە ڕۆژی لەدایکبوونــی ڕێبــەرە کاریزماکانیــان دەدەن، ئەمــەش لەســەر ئــەو بنەمایەیــە کــە ڕۆژی لەدایکبوونــی ڕێبەرەکەیــان بــە ڕۆژی لــە دایکبوونــی فیکرێــك لــە قەڵــەم دەدەن و ئــەو فیکــرە بۆتــە وەرچەرخانێــك لــە مێژووی نەتــەوە و هونەرێــك بــۆ پێناســەکردنەوەی چەمکــی ئــازادی و شــێوازی ژیانــی تــازەی نەتــەوە لەســەردەمی خۆیــدا. لەمــەش زیاتــر ئــەم فیکــرە تازەیــە کــە دەبێتــە ڕێگەیەکــی تــازە بــۆ بیرکردنــەوەی تاکەکانــی نەتــەوە، ئــەوا جارێکــی دیکــە مێژووی نەتــەوە ناگەڕێتــەوە بۆ ســەردەمی پێش لەدایکبوونــی ئــەم فیکــرە، ئەمــەش مانــای ئەوەیــە لەگــەڵ لەدایکبوونی ئەو فیکــرە و بوونــی ئــەو فیکــرە بــە هونەرێکــی تــازە، بــۆ ئــەوەی تاکەکانــی نەتــەوە بــە هاوشــێوەی ڕێبەرەکەیــان مامەڵــە لەگــەڵ تــەواوی ژیانی کۆمەڵگــە و کێشــە و قەیرانــەکان بکــەن، ئــەوا ئــەو فیکــری ڕێبــەرە هەتــا نەتــەوە مابێــت، بــە زیندوویــی دەمێنێتــەوە و تاکەکانــی نەتــەوەش هــەر وەك کەســێکی زینــدوو مامەڵــە لەگــەڵ فیکــری ڕێبەرەکەیان دەکــەن و لــە ڕووبەڕووبوونــەوەی ئــەو کێشــە و گیروگرفتانەشــی جارێکــی دیکــە و لــە ســەردەمێکی دیکــەی جیــاوازدا ڕووبــەڕووی دەبنــەوە، دەگەڕێنــەوە نــاو هەمــان فیکــر و ڕایەڵەیەکــی پێکەوەڕۆیــی (التواصل) لەنێوان ســەردەمە جیاوازەکان دروست دەکــەن و بەهەمــان میتــۆدی فیکــری کێشــەکانی ئێســتایان چارەســەر دەکــەن.

لــەم بازنەیــەدا، یادکردنــەوەی ڕۆژی لەدایکبوونی ســیمبولی نەتــەوە، خوێندنــەوەی ژیاننامــەی ئــەو ســیمبولە نییــە، یــان گێڕانــەوەی ئــەو شــێوازی سیاســەت و ڕەفتارانــە نییــە لەســەردەمی خویــدا کردوویەتــی، بەڵکــو یادکردنــەوەی ڕۆژی لــە دایکبوونــی ســیمبولی نەتــەوە، گەڕانەوەیــە بــۆ نــاو ئــەو فیکــرەی کــە چــۆن لەســەردەمی خۆیــدا مامەڵــەی لەگــەڵ کێشــە و گرفــت و تەحــەددی و قەیرانەکانــی نەتــەوە کــردووە، بــۆ ئــەوەی بــە هەمــان فیکــر مامەڵــە لەگــەڵ کێشــە و گرفــت و تەحەددی و قەیرانەکانی ئێســتای نەتەوەی خۆمان بکەیــن. ئەمــە بــەو مانایــە نییــە ســیمبولی نەتــەوە چ میکانیــزم و شــێوازێکی بــۆ تەرجەمەکردنــی فیکرەکــەی لەســەردەمی خۆیــدا پیــادەی کــردووە، نەوەکانی ئێستای نەتەوەش بەهەمــان میکانیزم و شێواز ئەو فیکرە بۆ ئێستای نەتەوە تەرجەمە بکــەن، بەڵکو ئەم فیکرە لە هەموو سەردەمێکدا بە میکانیزم و شێوازی سەردەم هەڵدەسووڕێت و وەڵامدەرەوەی ئاستەنگ و کێشە و گرفتەکانی نەتەوە لەسەردەمە جیاوازەکاندا دەبێت.

**مستەفا بارزانی لە کۆنگرەی باکۆ، لە هەموو کاتێکی دیکە بەئومێدتر بووە و لەوێوە بەرنامەی بۆ ئیعلانی جمهوورییەتی کوردستان داڕشتووە کە سنووری ئەو جمهوورییەتە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات پێکەوە کۆدەکاتەوە**

لەوانەیە لێرەدا نموونەی هەردوو ڕاوێژکاری ئەڵمانیا (هیلمۆت کۆڵ و ئۆتۆ فۆن بسمارك) لە جێگەی خۆیدا بێت کە هەردووکیان وەك سیمبولی یەکگرتنەوەی گەلی ئەڵمانیا لە مێژوودا لەقەڵەم دەدرێن، بسمارك لە ساڵی ١٨٧١ ی زایینی یەکبوونی ئەڵمانیای ڕاگەیاندو بووە یەکەم ڕاوێژکاری ئەڵمانیا دوای ئەو یەکبوونە، بەڵام هیلمۆت لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین لە ساڵی ١٩٨٩ جارێکی دیکە یەکبوونی ئەڵمانیای ڕاگەیاند، بسمارك بەشێوازی خۆی کە پەنابردن بووە بۆ چەك، یەکبوونی ئەڵمانیای ڕاگەیاندووە، بەڵام کۆڵ بە دیالۆگ هەردوو ئەڵمانیای یەکخستەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هیلمۆت کۆڵیش وەك بسمارك بەهەمان فیکر سەیری گرنگیی یەکگرتوویی ئەڵمانیای کردووە، ئەوا هەموو تاکێکی ئەڵمانیا بە شانازییەوە نازناوی بسمارکی دووەم بە هیلمۆت کۆڵ دەبەخشێ، لەمەش زیاتر هەموو جیهان چۆن بە شێوازی مامەڵەکردنی بسمارك لە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا سەرسام بوون، بەهەمان شێوە هەموو جیهان بەشێوازی مامەڵەکردنی هیلمۆت کۆلیش بۆ یەکگرتنەوەی دووەمی ئەڵمانیا سەرسام بوون. بیل کلینتۆن (سەرۆکی ئەمریکا لەماوەی ساڵانی ١٩٩٣- ٢٠٠١) کە یەکێك بووە لەو سەرۆکانەی بەشێکی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی هاوکاتی ماوەی راویژکارییەکەی هیلموت کۆڵ بووە، زۆر ڕاشکاوانە بەو جۆرە پێناسەی کۆڵی کردووە: «لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە، کۆڵ گرنگترین دەوڵەمەتداری ئەوروپا بووە.» لێرەدا ئەگەر ئەو پرسیارە بورووژێنین، ئایا ئەگەر جارێکی دیکە ئەڵمان دووچاری لێکترازان بووەوە، گەلی ئەڵمان دەگەڕێتەوە بۆ ناو فیکری (کۆل یان بسمارك)، بێگومان دەگەڕێنەوە بۆ ناو فیکری (بسمارك) کە فیکری بنەڕەتیی یەکگرتن و یەکبوونی

ئەڵمانە، بەڵام بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ فیکرەکە، دەگەڕێنەوە بۆ شێوازی مامەڵەکردنی (کۆڵ) لەبەر ئەوەی فیکری (کۆڵ) نەوەی دووەمی جێبەجێکردنی فیکرەکەیە و دەبێتە سەرەتایەك بۆ نەوەی سێیەمی جێبەجێکردنی ئەو فیکرە.

ئەم دیاردانە لەمێژووی نەتەوەکانی دیکەشدا بەهەمان شێوەی گەلی ئەڵمانە، لەوانەیە فەرەنسای دیگۆل نموونەیەکی دیکەی زیندووی فیکری سیمبولی نەتەوە بێت، لەناو فیکری دیگۆلدا، داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوە، هۆکارەکەی ئەوە نەبووە کە ئەڵمانیای نازی لە فەرەنسا بەهێزترە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی پیادەکردنی فرەیی سیاسی لەو وڵاتە و دروستبوونی درز و کەلێن لەناو ئیرادەی نەتەوەی فەرەنسا کە نەتوانێت بەرگری لە شکۆی خۆی بکات، هەر بۆیە دوای ئەوەی فەرەنسا لەساڵی ١٩٤٤ ئازاد کرایەوە و دیگۆل بوو بە سەرۆکی حکومەتی کاتی فەرەنسا، یەکەم کاری ئەوە بوو کە سیستمی سیاسیی فەرەنسا لە پەرلەمانییەوە بگۆڕێت بۆ نیمچە سەرۆکایەتی تێکەڵاو، بەڵام حزبە سیاسییەکانی ئەو کاتی فەرەنسا ئاستەنگیان بۆ هەوڵەکانی دیگۆل لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٤- ١٩٥٨ دروست کرد و ئیرادەی گەلی فەرەنسایان بە جۆرێك رەزیل و زەلیل کرد، کە جارێکی دیکە نەتوانن پێگە و شکۆی فەرەنسا بپارێزن، بەڵام کاتێك دیگۆل لە ساڵی ١٩٥٨ و لە پێناوی گێڕانەوەی شکۆی فەرەنسادا، دەستووری هەموارکردو سیستمی سیاسیی فەرەنسای گۆڕی و کۆماری پێنجەمی راگەیاند، ئیدی قۆناخێکی تازە لە مێژووی گەلی فەرەنسا هاتە کایەوە و ئیرادەی گەلی فەرەنسا توانی تەنانەت بەردی بناخەی یەکێتی ئەورووپا دابنێت. فەرەنسا لەماوەی ساڵانی ١٩٥٨ تا ٢٠١٤ و لە چوارچێوەی کۆماری پێنجەمدا، خاوەنی پێگە و شکۆی خۆی بووە، هەم لەسەر ئاستی ناوەوە و هەم لەسەر ئاستی دەرەوە، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠١٤ دووبارە دروستبوونەوەی حزبی پۆپۆلیستی لەناو پرۆسەی فەرەنسادا، خەریك بوو جارێکی دیکە فەرەنسا بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری چوارەم، بەڵام سەرکەوتنی ئەمانوئیل ماکرۆن بەسەر مارین لۆپن، سەرلەنوێ کۆماری پێنجەمی ژیاندەوە و فەرەنسای وەك پارێزەری یەکێتی ئەورووپا هێشتەوە، هەر بۆیە گەلی فەرەنسا بە شانازییەوە ئەمانوئیل ماکرۆن وەك دیگۆلی سەدەی بیست و یەکەم لە قەڵەم دەدەن، ئەمەش بەو مانایەی ئەو فیکرەی دیگۆل کە بووە هونەری گێڕانەوەی شکۆی فەرەنسا، جارێکی دیکە ماکرۆن ئەو فیکرەی ژیاندەوە و رێگەی نەدا فەرەنسای کۆماری پێنجەم، جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشاگەردانیی کۆماری چوارەم.

لەم راستەوە بۆ ئێمەی کوردستانیش، یادکردنەوەی رۆژی لەدایکبوونی مستەفا بارزانی بۆ پیداهەڵدان بە رێبەری نەتەوەکەماندا نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو رێبەرە پێویستی بە پێداهەڵگوتنی ئێمە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە فیکری مستەفا بارزانی بە زیندوویی بهێڵینەوە و رایەڵەیەکی پێکەوەرۆیی لە نێوان سەردەمی ئەوکات و ئێستامان دروست بکەین و رێگە نەدەین کوردستان جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی رابەریەتیکردنی نەتەوە لەلایەن مستەفا بارزانی-یەوە، کە مێژووی پێش سەردەمی رابەرایەتیکردنی مستەفا بارزانی زۆر بە باشی واقیعێکی تاڵی ناوچەگەری و ملشکاندنی یەکتری و خیانەتمان بۆ وێنا دەکات، بەڵام فیکری مستەفا بارزانی واقیعی تاڵی ناوچەگەری گۆڕی بۆ کوردستانیبوون. هەورەها چۆن خیانەت و ملشکاندنی یەکتری گۆڕی بۆ پشتی یەکگرتن، هەروەك چۆن لە بارزانەوە بە هانای شێخ مەحموودی حەفیدەوە چوو و خۆی گەیاندە سلێمانی و هەروەها چۆن جارێکی دیکە لە سەرکردایەتی شۆڕشی بارزانی دووەمەوە چوو بە هانای کۆماری کوردستان و بووە سەربازی پارێزگاری لە کۆماری کوردستان لە ژێر رێبەرایەتی پێشەوا قازی محەمەددا.

بەداخەوە لە ئێستادا، خەریکە کوردستان بەشێوەیەکی زۆر خراپتر دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی رابەرایەتی مستەفا بارزانی، بە ئاشکرا زیندووبوونەوەی دیاردەی ناوچەگەری هەستی پێدەکرێت و بێ شەرمانە بانگەشە بۆ جیابوونەوەی سلێمانی دەکرێت، بە ئاشکرا

**سەرۆک مسعود بارزانی لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بڕیاری دا لە پردێ و سحێلا و مەحموودیە، لووتی هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبێت بشکێندرێت، وەک جیهانیش بینی لووتیان شکا**

**سەرۆک مسعود بارزانی بە هاوشێوەی مستەفا بارزانی هەرگیز لە بارودۆخە سەختەکاندا نائومێدی باڵی بەسەردا ناکێشت، پەروەدەی دەستی ئەو رێبەرەیە کە دەتوانێت لە رۆژگارە سەخت و تاریکەکاندا پەنجەرەی ئومێد و رووناکی بە رووی گەلەکەیدا بکاتەوە**

**مستەفا بارزانی رووخانی کۆماری کوردستانیش لە مەهاباد نائومێدی نەکرد، بە پێچەوانەوە سەختترین رێگەی هەڵبژارد و رێڕەوە مێژووییەکەی بۆ پەرینەوە لە ئاوی ئاراس دەست پێکرد**

دەبینی هەوڵدان بۆ خیانەت و ملشکاندنی بەرامبەر بۆتە نەریتیان و زۆر بە شانازییەوە باسی دەکەن و پاکانەی بۆ دەهێننەوە، بە ئاشکرا و بێ شەرمانە هەوڵەکان بۆ رووخاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخرێنە گەڕ و ماستاوی بەلاش بۆ حکومەتی عەبادی و بەغدا دەکەن، سووکایەتی بە ناوی پێشمەرگە دەکرێت و قوربانی و مقاوەمەتی پێشمەرگە لە تێکشکانی ئەفسانەی داعش، بێ مانا و بێ بایەخ دەکەن.

کەواتە ئێستای کوردستان لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە دووبارە گەڕانەوە بۆ ناو فیکری مستەفا بارزانی هەیە. دیارە مێژووی ژیانی مستەفا بارزانی ئەوەمان فێرناکات، بەچ میکانیزم و شێوازێك بەو فیکرە مامەڵە لەگەڵ واقیعی تاڵی ئێستای کوردستان دەکەین، بەڵام فیکری بارزانی ئەو دەکاتە ئەرکی سەرشانمان کە گۆڕینی واقیعی تاڵی ئێستای کوردستان پێویستی بە کۆتاییهێنان بە دیاردەی ناوچەگەری هەیە و دەبێت دووبارە چەمکی کوردستانیبوون دیاردەی ناوچەگەری بسڕێتەوە، هەروەها دەبێت خیانەت و ملشکاندنی یەکتری بگۆڕێت بۆ یەکڕیزی و یەك ئامانجی کە ئەویش سەربەخۆیی و سەرفرازی کوردستانە و دەبێت پێشمەرگە هەردەم سیمبولی پاراستنی کوردستان بێت و ئەو ناوە پیرۆزە بێت کە هەموو کەس شانازی پێوە دەکات.

سەرنج بدەن کاتێك هەر تاکێکی نەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناو فیکری مستەفا بارزانی، ئەوا ئەو فیکرە پێویستی بەوە نییە ئێمە هیچ پیاهەڵدانێکی بۆ بکەین، بەڵکو ئەوە ئێمەین کە ناچارین بۆ واقیعی تاڵی ئێستامان، رووناکی هەنگاوەکانی داهاتوومان لەو فیکرەوە بۆ دروست بێت. مستەفا بارزانی لەسەردەمی و خۆی لەناو واقیعێکی تاڵی ئەو سەردەمەدا، توانی بەو فیکرە، هەموو ئەو دیاردانە بگۆڕێت و لە نەتەوەیەکی پەرتەوازە، نەتەوەیەکی زیندووی یەکگرتوو دروست بکات، لە ئێستاشدا کە جارێکی دیکە پێویستمان بە هەمان وەرچەرخان هەیە و، دەبێت مستەفا بارزانی-ی سەدەی بیست و یەکەم ئەم وەرچەرخانە دروست بکات، هەروەك چۆن هیلمۆت کۆڵ بووە بسمارکی سەدەی



بیستەم و ئەمانوئیل ماکرۆن بووە دیگۆلی سەدەی بیست و یەکەم.

**● هونەری ڕێبەرایەتیکردن و ئیرادەی بڕیاردانی قورس لە فیکری مستەفا بارزانی-دا**

مسعود بارزانی لە کتێبی (بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان) لە تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکانی سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول، ئاماژەی بەوە کردووە کە پێش هەموو شت، مستەفا بارزانی سەرقاڵی ئەوە بوو کە ناوچەیەکی ئازادکراو بۆ شۆڕش دابین بکات، هەر بۆیە دەیویست چەند مانگێکی دیکە ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئەیلوول دوابخات، بۆ ئەوەی ناوچەیەکی ئازادکراوی بەرفراوان بۆ شۆڕش دابین بکات، بەڵام کە خەڵکی کوردستانیش سووربوون لەسەر ئەوەی شۆڕش لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ ڕابگەیەندرێت و هەر خۆیشی سەرۆکایەتی شۆڕشەکە بکات، مستەفا بارزانی داوای خەڵکی کوردستانی ڕەتنەکردەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا لە پاککردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان بەردەوام بوو، هەتا هەموو ناوچەکانی کوردستانی باشووری پێکەوە گرێدایەوە و بارەگای خۆیشی بردە سەنگەسەر کە ئەگەر بە وردی سەیری ئەو جوگرافیایە بکەین، دەکاتە نزیکەی ناوەندی هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان لە خانەقینەوە تا زاخۆ.

ئەم ڕووداوەی مسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا تۆماری کردووە، هونەری ڕێبەرایەتیکردنی مستەفا بارزانی-مان پیشان دەدا، کە ئەویش ئەوەیە، پێش ئەوەی دەست بە شۆڕش بکرێت، دەبێت ڕێبەری شۆڕشەکە پلانی ئەوەی هەبێت کە دوژمن نەتوانێت لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی لێ بدات، هەروەها دەبێت لولەی بڕنەوەکانی پێشمەرگە هەمووی بە یەکگرتوویی لەسەنگەرەکاندا ئاراستەی یەك ئامانج بکرێن، ئەو بڕنەوانە کاریگەرییان دەبێت، ئەوجا ئەگەر لەسەر ئەم بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی، بەدواچوون بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشی ئەیلوول بکەین، ئەوا ئەوانەی لەو سەردەمە پێشمەرگە بوون، یان لە گوندەکانی کوردستان ژیاون، بە ڕاشکاوی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەگێڕنەوە و دەڵێن: «هەر لە زاخۆ تا خانەقین کەسێك یەك بار ئاڵتوونیشی پێ بوویێت، کەس نەیتوانیوە ڕێگەی پێ بگرێت.» ئەمە مانای ئەوەیە فیکری مستەفا بارزانی پێمان دەڵێت، ئارامی و سەقامگیریی نیومالّی کوردستان هەنگاوی یەکەمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و تێکشکاندنی دوژمن.

کەواتە ئەگەر بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان بمانەوێت سوود لە هونەری ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی وەربگرین، ئەوا ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت: «ئەو جوگرافیایەی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، دەبێت هەموویان یەکڕیز و یەکگرتوو بن و نابێت خەڵکانێك بواریان پێبدرێت لەناو جوگرافیای هەرێمی کوردستانەوە، خەنجەری ژەهراوی لە هێزی پێشمەرگە بدەن، یان لەناو هەرێمی کوردستانەوە بە ئاشکرا کار بۆ ڕووخاندنی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکەن.»

**مستەفا بارزانی دوای کپکردنەوەی شۆڕشی یەکەمی بارزان، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ڕژێمی پاشایەتی عێراقەوە، بۆ باشووری عێراق دوورخراوەتەوە و پاشان گواستراوەتەوە بۆ سلێمانی، بەڵام ئەم ڕەفتارەی ڕژێمی پاشایەتی عێراق نەک هەر مستەفا بارزانی نائومێد نەکردووە، بەڵکو مستەفا بارزانی چەمک و مانای شۆڕشی لە شۆڕشی ناوچەیەکی کوردستانەوە گۆڕی بۆ شۆڕشێکی سەرتاسەری کوردستانی**



**سەرۆک مسعود بارزانی لەماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵی سەرکردایەتیکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا، چەندین جار بە هاوشێوەی مستەفا بارزانی لە رۆژگارە سەخت و ئاڵۆزەکاندا پەنجەرەی ئومێدی بە رووی نەتەوەکەیدا کردۆتەوە و قەیران و تەنگژەکانی کردۆتە دەرفەتێک و پرسی گەلی کوردستانی بەرەو قۆناخێکی پێشکەوتووتر بردووە**

**مێژووی نەتەوەکانی جیهان پێوەرێکی لە رادەبەدەر گرنگی کردۆتە پێوانە بۆ رێبەرە کاریزماکان لەجیهاندا، بەپێی ئەم پێوەرەش، ئەو سەرکردانە دەبنە رێبەری کاریزمای نەتەوە، یان باوکی نەتەوە، کە توانای ئەوەیان پیشانداوە کە لە ئاسمانی تەم و مژاوی و تاریکیدا جارێکی دیکە رووناکی و ئومێد بۆ نەتەوەکەیان بگێڕنەوە**

سەبارەت بەو رێگەچارەیەی فیکری مستەفا بارزانی پێمان دەڵێت، لەوانەیە خەڵکانێك هەبن و بڵێن: لەسەردەمی مستەفا بارزانی تەنیا پارتی هەبووە و وەك ئێستا فرەحزبی نەبووە، لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا راشکاوانە دەڵێین: لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولیشدا، پارتی تەنیا حزب نەبووە لە گۆڕەپانەکەدا، واتە بێجگە لە پارتی حزبی دیکەش هەبوون، هەر بۆ نموونە: حزبی شیوعی کوردستان و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کاژیك)، هەروەها نەتەوەو ئایینەکانی دیکەی کوردستان کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەشدار بوون بیروبۆچوونی تایبەت بە خۆیان هەبووە، خاوەنی بۆچوون و سیاسەتی خۆیان بوون، هەروەها لە هەموو شتێکیشدا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هاوڕا نەبوون و زۆر جار جیاوازییەکانی نێوان پارتی و حزبەکانی دیکە گەیشتۆتە ئەوەی رەخنەی توندیش لەیەکتری بگرن، بەڵام ئەم جیاوازییانە نەبوونە هۆکاری ئەوەی درز و کەلێن بکەوێتە نێو ریزەکانی پێشمەرگە، یان لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە بدرێت. کەواتە ئەم فیکرە پێمان دەڵێت، کۆدی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئیمکانیەتێکی کەمی چەکەوە لەبەرامبەر هێزێکی نابەرانبەری حکومەتی عێراقدا ئەوە بووە کە لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، درز و کەلێنی خیانەت و وەشاندنی خەنجەری ژەهراوی لە پشتەوە بوونی نەبووە.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا لەسەردەمی رێبەرایەتی مستەفا بارزانی، هیچ کاتێك هەبووە لەناو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا درز و کەلێن دروست بووبێت و هێزی پێشمەرگە دابەش بووبێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان پێمان دەڵێت: ئەو لێکترازان و لەتبوونەی لە ساڵی ١٩٦٤ لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش روویدا، رووداوێکی بێ وێنە بووە، جیا لەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە دووبەش، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش درز و کەلێنی گەورەی تێکەوت، لەمەش خراپتر، ئەو باڵەی ئەو لێکترازانەی لەناو شۆڕشدا دروستکرد، بەپشتیوانیی شای ئێران کە زۆر لە ئێستای ئێران بەهێزتر بوو، هەوڵیاندا کوردستان بکەن بە گۆمی خوین، بەڵام مستەفا بارزانی خاوەنی ئەو ئیرادە بەهێزە بوو کە توانی بڕیاری قورس بدات، ئەمەش نەك هەر تەنیا دژی ئەو باڵەی کە لێکترازانی لەناو شۆڕشی کوردستان دروستکردبوو، بەڵکو بڕیاری قورسی دژی شای ئێرانیش دا و پێی راگەیاند، ئەگەر ئەوانە بۆ تێکدانی شۆڕشی کوردستان بەکاربهێنێت، ئەوا ئەو شەڕە دەباتە ناو ئێران و لە تاران نزیکی دەکاتەوە، هەربۆیە شای ئێران ناچار بوو، باڵی جیابووەوەی پارتی لە سنوورەکانی کوردستان دوور بخاتەوە و بیاننێرێت بۆ هەمەدان. بەڵام پرسیاری دیکە دیسان ئەوەیە، ئایا بەم بڕیارە قورسەی مستەفا بارزانی نێومالی شۆڕش دووبارە رێکخرایەوە؟ بێگومان نەخێر، ئەم بڕیارە قورسەی بارزانی بووە هۆکاری ئەوەی باڵی جیابووەوەی پارتی بەدوای رێگەیەکی دیکەدا بگەڕێت بۆ ئەوەی تۆڵە لەو باڵەکەی دیکەی پارتی بکاتەوە، بۆ ئەمەش جیا لەوەی کۆمەڵێك پێشمەرگەی قارەمانیان شەهید کرد، هێزێکی زۆری پێشمەرگەشیان دوای خۆیان خست و لەگەڵ حکومەتی ئەو کاتی بەغدا رێککەوتن، بەڵام لەبەر ئەوەی قەناعەتی مستەفا بارزانی لە هونەری رێبەرایەتیکردندا بەو جۆرە بوو، ئەگەر درز و کەلێن لە ناو ریزەکانی پێشمەرگە و پەردەی شاردنەوەی خیانەت لەناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش نەبن، ئەوا دوژمن چەند بەهێز بێت، کاریگەری لەسەر ورەی پێشمەرگە نابێت، مێژووی شەستەکانی سەدەی رابردوو پێمان دەڵێت، لەگەڵ ئەوەی بەهۆی جیابوونەوەی ١٩٦٤ و پاشانیش رێککەوتنی باڵی جیابووەوەی پارتی لە ساڵی ١٩٦٦ لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەڵام هەر حکومەتی عێراق لەساڵی ١٩٦٧ ناچار بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، داوای دانوستاندن لە مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بکات، پاشانیش کە بەعس هاتە دەسەڵات لەساڵی ١٩٧٠ رێککەوتنی ئاداری مێژووی لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول و پارتی دیموکراتی کوردستان ئیمزا کرد.

دیسان ئەم گەڕانەوەیە بۆ ناو فیکری بارزانی، وانەیەکی دیکەمان فێر دەکات، کە یەکڕیزی و

یەکهەڵوێستی بریتی نییە لەوەی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە جیاوازی ڕەفتار و سیاسەت و بۆچوونیان بۆ ئایندەی کوردستان، هەموویان لەیەك بەرەدا کۆببنەوە، بەڵکو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لەنێوان ئەو هێز و لایەنە سیاسییانە دروست دەبێت، کە جیاوازیی ئایدیۆلۆژییان ناگاتە ئەو ئاستەی بەرژەوەندیی ئێستا و ئایندەی کوردستان ژێر پێ بخرێت، ئەگەر هاتوو جیاوازیی ئایدیۆلۆژی، یان بیروبۆچوونی سیاسی گەیشتە ئەو ئاستەی خیانەت بکرێت و ملی یەکتری بشکێندرێت، ئەوا هەر هەوڵێك بۆ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی بدرێت، بێ مانا دەبێت و ماڵی کورد کاولتر دەکات، هەر بۆیە ئەگەر سەیری سەرکەوتنەکانی شۆڕشی ئەیلوول و هونەری ڕێبەرایەتیکردنی مستەفا بارزانی بکەین، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، هەر کەسێك بڕیاری ئەوەی دابێت، لە پێناوی ملشکاندنی بەرامبەرەکەی ئامادەیە هاوپەیمانی لەگەڵ شەیتان بکات، ئەوا باشترە هاوپەیمانی خۆی بکات و چی لەدەست دێت دریغی نەکات، لەبەرامبەریشدا ئەو لایانانەی خۆیان بە خاوەنی پرسی ڕەوای گەلەکەیان دەزانن و ئامانجیان پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانە، هەقە وەك مستەفا بارزانی سڵ لەوە نەکەنەوە، ئەگەر ئەوانە بەتەواوەتی بچنە باوەشی دوژمن و پێش لەشکریش بۆ دوژمن بکەن، بەرەی نیشتمانی لاواز دەبێت، بەپێچەوانەوە خۆ یەکلاکردنەوەی ئەوانە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە بەرەی نیشتمانی بەهێزتر و پتەوتر بێت و سەرەنجامیش دوژمن هەر ناچار دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان چۆك بۆ بەرەی نیشتمانی و نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی کوردستان دابدات، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بە گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی برایانە مامەڵە لەگەڵ ئەو گرووپ و تاقمە بکرێت کە باکیان بە ئایندەی کوردستان و بەرژەوەندی گەلی کوردستان نییە، ئەوا بێجگە لەوەی ئەو تاقم و گرووپە، ئەم ڕەفتارانە بەلاوازیی بەرامبەر لێکدەدەنەوە، لەهەمانکاتیشدا، ژینگەی سیاسیی کوردستان دەکەنە کێڵگەیەکی بە مین چێنراو و نازانیت لە چ کاتێکدا چەند مینێك لە ژێر پێدا دەتەقێتەوە.

## ● کردنەوەی پەنجەرەی ئومێد لەناو ڕۆژگارە سەختەکانی قەیران و تەنگژەدا

کاتێك یادی ڕۆژی لەدایکبوونی مستەفا بارزانی دەکەینەوە، مێژوو پێمان دەڵێت، ئەم سیمبولەی نەتەوەکەمان لە ١٤ی ئاداری ١٩٠٣ لەناو بەندیخانە لەدایکبووە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەناو ژینگەی کارەسات و نائومێدیدا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، بەڵام کە بە دیوێکی دیکە دەگەڕێینەوە ناو مێژووی ژیانی ئەم کاریزمایە، ئەوە دەبینین، لەگەڵ ئەوەی لەدوای تەمەنی ١٦ساڵییەوە، هەموو وێستگەکانی ژیانی کارەسات و نائومێدی بووە، بەڵام هەرگیز تەسلیمی ئەو واقیعە نەبووە و نائومێدی بەسەریدا زاڵ نەبووە، بەپێچەوانەوە، هەموو کارەسات و تەنگژەیەك، وانەیەکی تازەی فێرکردووە و جار لەدوای جاریش بەهێزتر لە پێشتر ڕووبەڕووی کارەسات و نائومێدییەکان بۆتەوە و لە هەناوی نائومێدیدا، پەنجەرەی ئومێدی بۆ نەتەوەکەی کردۆتەوە.

مێژووی نەتەوەکانی جیهان پێوەرێکی لە ڕادەبەدەر گرنگی کردۆتە پێوانە بۆ ڕێبەرە کاریزماکان لەجیهاندا، بەپێی ئەم پێوەرەش، ئەو سەرکردانە دەبنە ڕێبەری کاریزمای نەتەوە، یان باوکی نەتەوە، کە توانای ئەوەیان پیشانداوە کە لە ئاسمانی تەم و مژاوی و تاریکیدا جارێکی دیکە ڕووناکی و ئومێد بۆ نەتەوەکەیان بگێڕنەوە. باراك ئۆبامای سەرۆکی پێشووی ئەمریکا کە سەر بە پارتی دیموکراتی ئەمریکا بوو، لە ساڵی ٢٠٠٩ و لە ٢٠٠ـەمین ساڵیادی ئەبراهام لینکۆڵن دامەزرێنەری پارتی کۆماری ئەمریکادا، لەبەردەم پەیکەرەکەی لە کابتۆڵ هۆڵ گوتی: «ئەمڕۆ کە لە ٢٠٠ـەمین ساڵیادی لەدایکبوونی ئەبراهام لینکۆڵن کە یەکێك لە باوکانی دامەزرێنەرانی ئەمریکایە کۆ بووینەتەوە، دەبێت گیانی لینکۆڵن ئەو ئیلهامەمان پی ببەخشێت، کە ئێمەش بتوانین وەك ئەوان لە ڕۆژگاری سەخت و ئاسمانی تەم و مژاوی و تاریکیدا، بڕیاری بوێرانە بدەین و جارێکی دیکە ڕووناکی بگێڕینەوە بۆ گەلی ئەمریکا.» ئەگەر سەرنج لە قسەکانی ساڵی ٢٠٠٩ ی باراك ئۆباما بدەین، دەبینین، ئەو لەبەرامبەر دامەزرێنەری پارتی کۆماری

**ئەگەر بە گیانی لێبووردەیی و پێکەوەژیانی برایانە مامەڵە لەگەڵ ئەو گرووپ و تاقمە بکرێت کە باکیان بە ئایندەی کوردستان و بەرژەوەندی گەلی کوردستان نییە، ئەوا بێجگە لەوەی ئەو تاقم و گرووپە، ئەم ڕەفتارانە بەلاوازیی بەرامبەر لێکدەدەنەوە، لەهەمانکاتیشدا، ژینگەی سیاسیی کوردستان دەکەنە کێڵگەیەکی بە مین چێنراو و نازانیت لە چ کاتێکدا چەند مینێک لە ژێر پێدا دەتەقێتەوە**

**ئەگەر کەسانێک بەتەواوەتی بچنە باوەشی دوژمن و پێش لەشکریشیان بۆ بکەن، بەرەی نیشتمانی لاواز نابێت، بەپێچەوانەوە خۆ یەکلاکردنەوەی ئەوانە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە بەرەی نیشتمانی بەهێزتر و پتەوتر بێت و سەرەنجامیش دوژمن هەر ناچار دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان چۆک بۆ بەرەی نیشتمانی و نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی کوردستان دابدات**

**ئەو باڵەی ئەو لێکترازانەی لەناو شۆڕشدا دروستکرد، بەپشتیوانیی شای ئێران کە زۆر لە ئێستای ئێران بەهێزتر بوو، هەوڵیاندا کوردستان بکەن بە گۆمی خوێن، بەڵام مستەفا بارزانی خاوەنی ئەو ئیرادە بەهێزە بوو کە توانی بڕیاری قورس بدات، ئەمەش نەک هەر تەنیا دژی ئەو باڵەی کە لێکترازانی لەناو شۆڕشی کوردستان دروستکردبوو، بەڵکو بڕیاری قورسی دژی شای ئێرانیش دا و پێی راگەیاند، ئەگەر ئەوانە بۆ تێکدانی شۆڕشی کوردستان بەکاربهێنێت، ئەوا ئەو شەڕە دەباتە ناو ئێران و لە تاران نزیکی دەکاتەوە**

**مێژووی ژیانی مستەفا بارزانی ئەوەمان فێرناکات، بەچ میکانیزم و شێوازێک بەو فیکرە مامەڵە لەگەڵ واقیعی تاڵی ئێستای کوردستان دەکەین، بەڵام فیکری بارزانی ئەو دەکاتە ئەرکی سەرشانمان کە گۆڕینی واقیعی تاڵی ئێستای کوردستان پێویستی بە کۆتاییهێنان بە دیاردەی ناوچەگەری هەیە و دەبێت دووبارە چەمکی کوردستانیبوون دیاردەی ناوچەگەری بسڕێتەوە**

ئەمریکا ئەم قسانە دەکات، نەك تۆماس جیفرسۆن کە وەك سیمبولی پارتی دیموکراتی شانازی پێوە دەکەن، ئۆباما دەیەوێت ئیلهامی کردنەوەی پەنجەرەی ئومێد لە رۆژگارە تاریکەکان و بڕیاری یەکلاکەرەوەی بوێرانە لە لینکۆڵن وەربگرێت، کە بڕیاریدا (نابێت کۆیلایەتی لە کۆماری ئەمریکای ئازاددا بوونی هەبێت.) بەم بڕیارەشی توانی کۆتایی بە کۆیلایەتی بهێنێت و هەڵە گەورەکانی ناو دەستووری ئەمریکاش راست بکاتەوە.

لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری قۆناخەکانی مێژووی ژیانی مستەفا بارزانی بکەین، دەبینین لە رۆژگاری زۆر سەخت و نائومێدیدا، پەنجەرەی ئومێدی جارێکی دیکە بە رووی نەتەوەکەیدا کردۆتەوە، مستەفا بارزانی دوای کپکردنەوەی شۆڕشی یەکەمی بارزان، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی رژێمی پاشایەتی عێراقەوە، بۆ باشووری عێراق دوورخراوەتەوە و پاشان گواستراوەتەوە بۆ سلێمانی، بەڵام ئەم رەفتارەی رژێمی پاشایەتی عێراق نەك هەر مستەفا بارزانی نائومێد نەکردووە، بەڵکو مستەفا بارزانی چەمك و مانای شۆڕشی لە شۆڕشی ناوچەیەکی کوردستانەوە گۆڕی بۆ شۆڕشێکی سەرتاسەری کوردستانی و بە هەماهەنگی و هاریکاری شێخ لەتیفی حەفید و ئەندامانی حزبی هیوا و ئەفسەرانی ئازادیخوازی کورد لە ریزەکانی سوپای عێراق، لەساڵی ١٩٤٣ لە سلێمانیەوە گەڕایەوە بارزان و لەوێ جارێکی دیکە شۆڕشی دووەمی بارزانی راگەیاند، ئەم شۆڕشە لەگەڵ ئەوەی بە ناوی شۆڕشی (بارزان) لە مێژوودا تۆمار کراوە، بەڵام شۆڕشێکی کوردستانی بووە و، لیژنەی ئازادی کە سەرکردایەتی ئەو شۆڕشەی کردووە، نوێنەرانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی لەخۆی گرتووە، لە ئامانجی شۆڕشەکەش داکۆکیکردن بووە لەتەواوی جوگرافیای باشووری کوردستان و گێڕانەوەی تەواوی مافەکانی خەڵکی کورستان، ئەمەش بە راشکاوی لە دانوستاندنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بارزان و حکومەتی پادشایی عێراق وەك دیکۆمێنت تۆمار کراوە.

مستەفا بارزانی رووخانی کۆماری کوردستانیش لە مەهاباد نائومێدی نەکرد، بەپێچەوانەوە سەختترین رێگەی هەڵبژارد و رێڕەوە مێژووییەکەی بۆ پەڕینەوە لە ئاوی ئاراس دەست پێکرد، پەڕینەوەی بارزانی مستەفا و هەڤاڵەکانی لە ئاوی ئاراس و چوونیان بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، داستانێکە گێڕانەوەکەی لە جۆرێك ئەفسانە دەچێت، بەڵام وێڕای ئەمانەش وەك دیکۆمێنتەکانی مێژوو واقیعی ئەو رۆژگارە سەختانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، مستەفا بارزانی لە کۆنگرەی باکۆ، لە هەموو کاتێکی دیکە بەئومێدتر بووە و لەوێوە بەرنامەی بۆ ئیعلانی جمهوورییەتی کوردستان داڕشتووە کە سنووری ئەو جمهوورییەتە کوردستانی باشوور و رۆژهەڵات پێکەوە کۆدەکاتەوە، لەماوەی ساڵانی ئاوارەییشدا لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، نەك هەر نائومێد نەبوو، بەڵکو بە دوای رێگەیەکدا دەگەڕا چۆن دەوڵەت بۆ کوردستان دروست بکات، بۆ ئەمەش دروستکردنی دۆستایەتی لەلایەن مستەفا بارزانی لەگەڵ سەرۆکەکانی دەوڵەتانی بێلایەن، وەك جەمال عەبدولناسر و تیتۆ و چاوسیسکۆ و نەهرۆ شاهیدی ئەوەن کە مستەفا بارزانی بە ئومێدیکی زۆرەوە سەیری ئایندەی گەل و وڵاتەکەی خۆی و کوردستانی کردووە.

لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ و رووخانی رژێمی پادشایەتی و دانپێدانانی حکومەتی قاسم لە دەستووری کاتیی عێراقدا بەوەی (عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە) مستەفا بارزانی گەڕایەوە بۆ عێراق بۆ ئەوەی سەردەمێکی تازە لە عێراقدا دەست پێبکات و کورد و عەرەب پێکەوە ئەو وڵاتە بونیاد بنێننەوە، بەڵام کاتێك قاسم لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەز بووەوە، ئەمجارەیان خەڵکی کوردستان بە رێبەرایەتی مستەفا بارزانی بە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول وەڵامی قاسمیان دایەوە، سەرەنجامیش حکومەتەکانی دوای قاسم ناچار بوون یەك لەدوای یەك دانوستاندن لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش بکەن، هەتا لە ئاداری ١٩٧٠ رێککەوتنی مێژووی ئادار ئیمزا کرا.

ئەوەی لەو مێژووەوە فێر دەبین، ئەوەیە لەناو هەر نائومێدییەك و رۆژگارێکی سەختدا



کە رووبەڕووی ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی بوویێتەوە، ئەوا هەموو جارێك بەهێزتر لە پێشان لێی هاتۆتە دەرەوە و هەموو جارێکیش قۆناخێك دۆزی ڕەوای گەلەکەمانی بردۆتە پێشەوە.

سەرۆك مسعود بارزانی کە پەروەردەی بەردەستی مستەفا بارزانی-یە، لەماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵی سەرکردایەتیکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، چەندین جار بە هاوشێوەی مستەفا بارزانی لە ڕۆژگارە سەخت و ئاڵۆزەکاندا پەنجەرەی ئومێدی بە رووی نەتەوەکەیدا کردۆتەوە و قەیران و تەنگژەکانی کردۆتە دەرفەتێك و پرسی گەلی کوردستانی بەرەو قۆناخێکی پێشکەوتووتر بردووە.

لە ئێستاد کە کوردستان بە واقیعێکی تاڵی دوای کارەساتی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ تێدەپەڕێت، خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئەوەن لەناو ئەم واقیعە تاڵەشدا، جارێکی دیکە سەرۆك مسعود بارزانی پەنجەرەیەکی ئومێد بە رووی نەتەوەو گەلی کوردستاندا بکاتەوەو دەرهاویشتە خراپەکانی ئەو کارەساتە تێپەڕێنێت، بەڵام ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ ئەو قۆناخە سەختانەی مستەفا بارزانی تێپەڕاندوون و پاشان سەرەتای قۆناخێکی نوێ لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، ئەوا دەبێت بەهەمان پێوەر مامەڵە لەگەڵ هەڵوێستەکانی سەرۆك مسعود بارزانی بکەین و ئەوەمان لەبەر چاو بێت، کاتێك سەرۆك مسعود بارزانی لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بڕیاری دا لە پردێ و سحێلا و مەحموودیە، لووتی هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبێت بشکێندرێت، وەك جیهانیش بینی لووتیان شکا، مانای ئەوەیە سەرۆك مسعود بارزانی بە هاوشێوەی مستەفا بارزانی هەرگیز لە بارودۆخە سەختەکاندا نائومێدی باڵی بەسەردا ناکێشت و بەپێچەوانەوە، مسعود بارزانی پەروەردەی دەستی ئەو ڕێبەرەیە کە دەتوانێت لە ڕۆژگارە سەخت و تاریکەکاندا پەنجەرەی ئومێد و ڕووناکی بە رووی گەلەکەیدا بکاتەوە.

لە ئێستادا لۆژیکی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناخە لە گرنگیدانی بۆ هێشتنەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و پاراستنی ئەم قەوارەیە لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەست پێدەکات، سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان و بەغداش لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، جارێ سەرۆك بارزانی چاوەڕێی ئەوەیە حکومەتی بەغدا ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی بۆ جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاشکرا بکات، ئەوکات ئەگەر بەغدا هەر نیازی ئەوە بوو بەو جۆرەی ئێستا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، ئەوا ئەو کات ئەو پەنجەرە ڕووناکییە دەبینین کە سەرۆك بارزانی بە رووی نەتەوەکەی و تەواوی گەلی کوردستاندا دەیکاتەوە.

**یادکردنەوەی ڕۆژی لەدایکبوونی مستەفا بارزانی بۆ پیداهەڵدان بە ڕێبەری نەتەوەکەماندا نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو ڕێبەرە پێویستی بە پێداهەڵگوتنی ئێمە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە فیکری مستەفا بارزانی بە زیندوویی بهێڵینەوە و رایەڵەیەکی پێکەوەڕۆیی لە نێوان سەردەمی ئەوکات و ئێستامان دروست بکەین و ڕێگە نەدەین کوردستان جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی رابەریەتیکردنی نەتەوە لەلایەن مستەفا بارزانی-یەوە**

# دوور لە هەر بۆچوونێکی حزبی
# بۆچی بەیاننامەی ١١ی ئازار گرنگ بوو؟

هەموومان دەزانین کە بەیاننامەی (١١ی ئازاری ١٩٧٠) هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، رای خەڵکی کوردستانی کردووە بە دوو بەشەوە لە لایەك لە قەڵەمدانی بە رووداوێکی گرنگ و مێژوویی لە لایەکی دیکەوە کەمکردنەوەی ئەو گرنگییە. بێگومان لەو بابەتەدا بە تەبیعەتی حاڵ رەوشت و ئاکاری مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی رۆڵ دەبینێت لە حوکمدان بەسەر رووداوێکدا کە لەگەڵی بووبێت، یان دژی بووبێت لە کاتی دەرکەوتنی دەرئەنجامەکاندا، بەهەر حاڵ هەموومان دەزانین کە بەیاننامەکە لە ساڵی ١٩٧٠ روویدا، بۆ تێگەیشتن لە هەر رووداوێك بە شێوەیەکی ورد پێویستە مرۆڤ خۆی بخاتە قاوغی ئەو ساڵەوە و تەماشی چواردەوری بکات و بزانێت چی گوزەراوە لە سەروبەندی رووداوەکەدا؟

جەنابی خوێنەر بفەرموو پێکەوە خۆ بخەینە قاڵبی کوڕە کوردێکی پێشمەرگەی پاك و بیرساف کە زۆر دادپەروەر بێت و لە دڵیدا جگە لە راستی جێگەی گەردە ناهەقییەك نەبێتەوە و ئەگەر لە بابەتێکدا سووچی خۆشی تێدا بێت، پێش هەموان سەرکۆنەی خۆی دەکات و ناسرەوێت تا قەرەبووی نەکاتەوە. بۆیە بە چاوێکی دوور لە حزبایەتی و زیرەکی فرۆشتن ئەمڕۆ کە (١٠ ی ئازاری ٢٠١٨)یە، لە گرووپی کاندیدەکانی سلێمانی بۆ پەرلەمانی عێراق پیرۆزبایی کرا بە بۆنەی ساڵیادی ١١ی ئازار، منیش خوم لە هەر بیرێکی حزبی جیاکردەوە و بە چاوێکی عادیلانە گرنگیی ئەو رۆژە لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینم و هەڵویستم بەم شێوەیە لای خۆم و خوای خۆم تۆمار کرد:

١. راستییەك هەیە کە هەموومان دەیزانین ئەویش بریتییە لەوەی کە داستانی چیای هەندرێن لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ کردیە کارێك کە رژێمی عێراقی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە ناچاری ملی هۆڕی بدات بۆ ئاشتی، ئەو داستانە گرنگ بوو، چونکە یەکەم خۆ جەرباندنی ئینقیلابچیەکانی ساڵی ١٩٦٣ و ئەو گرووپە کوردەی کە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی و دەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٤ بەرژەوەندیی گشتیی کوردانیان فەرامۆش کرد، شەڕی هەندرێن بوو، سەرنەگرتنی ئەو هەوڵە نۆبەرەیە بووە مایەی رووشاندنی ئیرادەی دوژمنانی کورد و ئەوانەی لە گەڵیاندان، چونکە بردنەوەی گێمی یەکەمی شەڕ کاریگەری هەیە لەسەر گێمەکانی دیکەی شەڕ. ئەوە بوو پتر لە ٢٥٠٠ سەربازی عێراقی لەو شەڕەدا کوژران کە لە بنەڕەتدا ٤٠٠٠ سەرباز هاتبوونە مەیدان، لە بەرانبەردا ژمارەی شەهید و برینداری کورد لە ٢٠٠ شەهید و زامدار تێنەپەڕی، پلانی بەرپەرچدانەوەی هێرشەکەی عێراق بە چوار میحوەری کورد وەڵامدرایە، کە هەر میحوەرێك ٢٢٠ پێشمەرگەی تێدابوو، ٣٠ پێشمەرگەی دیکەش دانرابوون بۆ دەستگیرکردنی بەرپرسی لیواکە، بەڵام ئەو بەرپرسە پاش



د. ڕێبین سەلام
مامۆستا لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

نزیکبوونەوەی لە مەرگ بە چەند مەترێك خۆی قوتارکرد.

٢. بردنەوەی شەڕەکە بووە مایەی بەهێتر بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕژێمی عێراق ئەگەر یەك حیسابی بۆ شۆڕشەکەی کوردستان کردبێت، ئەوا پاش شەڕ هەزاری خستە سەر و کردیە هەزارو یەك حیساب، چونکە زەبری کوشندەی شۆڕشەکەی بینی لە سایەی چەکێکی کەمدا، بۆیە وێنەیەکی ترسناکی لا دروست بوو، پاش ئەو دەستکەوتە سەربازییانەی کەوتە دەستی پێشمەرگە.

٣. بە شێوەیەکی فیعلی بۆ یەکەمجار ئەو شۆڕشەی لە ئەیلوولی ١٩٦١ هەڵگیرسا، پاش پێنج ساڵ لە داستانی هەندرێن سەنگ و هێزی خۆی تاقی کردەوە.

٤. جارێکی دیکە چیاکانی کوردستان سەلماندیان کە دۆستی ڕاستەقینەمانن و ناسنامەی نەتەوەییمان بە هۆی سەختیی ناوچەکانمانەوە ماوەتەوە لەگەڵ ئیرادەیەکی پۆڵایینی بارزانیی نەمر.

٥. قایلکردنی بارزانیی نەمر بە کشانەوەی لە جێگایەکی دیاریکراو تاوەکو جەیش و جاشی عێراقی لە داستانەکەی هەندرێندا بەپێی ستراتیژیی ڕاوێژکاری دەوڵەتێکی دۆستی کورد، ئەم قایلبوونە دەلالەتە بۆ ئامادەباشی و زەین ڕوونیی بارزانیی نەمر بۆ تێگەیشتنی وێنەی پێچەوانە لەوەی خۆی بڕوای پێیەتی، چونکە کاتێك پێی دەڵێن: با پاشەکشەیەکی تەکتیکی بکەین، دوای مشتومڕێکی زۆر نیگایەکی تیژ دەگرێتە ئەو ڕاوێژکارە و دەفەرموێت: «ئەوەتان بیرنەچێ کە ئێوە سوورن لەسەر ئەو پاشەکشەیە.»

٦. بارودۆخی پێش هەڵگیرسانی شەڕی عەرەب – ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧، هاوکاری دەوڵەتێکی دۆستی کوردی دابین کردبوو بۆ شەڕی هەندرین بە شێوەی پێشکەشکردنی ڕاوێژ.

٧. سەلماندنی ئاشتیخوازیی سەرکردایەتیی کورد لە کاتی بەهێزیدا کە بەشێك بوو لە کەسایەتیی بارزانیی نەمر.

٨. خودا کوڕێکی ئاشتیخوازی دابوو بە بارزانیی نەمر و کوردان، لەو سەروبەندەدا کە کەم ژیا، بەڵام ڕۆڵێکی وا گەورەی بینی، مرۆڤ سەد ساڵیش بژی، ئەوەندە لە گرنگیی ئاشتی حاڵی نابێت، ئەویش کاك ئیدریسی هەمیشە زیندوو بوو، چونکە بە گوێرەی تەمەن و ئەزموون ئەو کاتە ترۆپکی ڕۆڵی بەرپرسیارێتی بوو لە شۆڕشی کوردستان و یەکەم بەرهەمی پەروەردەی بارزانیی نەمر دەرکەوت وەك باوکێك، بەرهەمەکەی دیکەی ئەو پەروەردەیەش مێرخاسێکە کە بۆ هەموو جیهانی سەلماند، بێ دڵۆپێك خوێن واز لە دەسەڵات و پلە وپایە دێنێت لە ناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینێکدا کە هیچ سەرکردەیەکی بە دەریایەك خوێن نەبێ، لە کورسیی دەسەڵات جیا نەبۆتەوە.



### ڕاپەڕین پەندێکی تازەی فێرکردین

# یەکڕیز و یەکگرتوو بین،
# چیاکانیش دۆستمان نەبن،
# هەر سەردەکەوین



«شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری بەو مانەیەی کە هیچ هێزێك ناتوانێت ڕێگری لێ بکات، یان دایمبرکێنێتەوە، ئیرادەیەکە لەسەرووی توانای حزبی سیاسی و سەرکردەو تاکەکەسەوەیە. هانا ئارنێت لە کتێبی شۆڕشدا ئاماژەی بەوە کردووە (کاتێك شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری ڕوودەدات، هیچ هێزێك ناتوانێت ڕووبەڕووی بوەستێتەوە، ئەمە ئەو ساتەوەختەیە کە زەوی و ئاسمان بە یەك یاسا هەڵدەسووڕێن، کە ئەویش ئەو یاسایەی پەروەردگارە کە مانگ و ئەستێرەکان لە ئاسمان بە ئازادی لەسەر خولگەی خۆیان دەسووڕێنەوە و، مرۆڤ ئەو توانایەی نییە کە دەست بخاتە ناو ئازادیی مانگ و ئەستێرەکان، یان ئازادییان لێ زەوت بکات.)

چەمکی (شۆڕش، یان ڕاپەڕینی جەماوەری)، لە بنەڕەتدا چەمکێکی سیاسی نییە، هەتا بتوانرێت بە هاندانی سیاسی دروست بکرێت. نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس کە بە «باوکی شۆڕشی زانستی و تێڕوانینی ئاقڵانییانە بۆ گەردوون» لە مێژوودا ناوی تۆمارکراوە، بۆ یەکەمین جار چەمکی (شۆڕش)ی لە کێتبی (شۆڕش لە سووڕانەوەی ئەستێرەکانی ئاسماندا . Revolutionibus Orbium Coelestium) لە سەرەتای سەدەی شانزەهەم بەکارهێناوە. ئەم کتێبە تەواوی تەفسیر و تێڕوانینەکانی کەنیسەو قەشەکانی ئەورووپای بۆ گەردوون گۆڕی و بووە سەرەتایەك بۆ شۆڕشی زانستی و ئەقڵانی لە ئەورووپادا، ئەم کتێبە بە کەنیسەو قەشەکانی ئەورووپای ڕاگەیاند، شۆڕشی ئەستێرەکان لە ئاسماندا بە ئیرادەی پەروەردگار هەڵدەسووڕێت و لە تواناو تێڕوانینی ئێوە بۆ گەردوون گەورەترە، بەڵام کەنیسە و قەشەکان بۆ زیاتر لە ١٠٠ساڵ هەوڵیان دەدا کە ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی تیۆرەکەی کۆپەرنیکۆس بگرن، تەنانەت کاتێك گالیلۆ تیۆرەکەی کۆپەرنیکۆسی لە ساڵی ١٦٣٢ ز سەلماند، دادگاکانی کەنیسە دوو ڕێگایان لەبەردەمی گالیلۆ دانا، یان ئەوەتا دەبێت پاکانە لەو سەلماندنە بکات کە بە بناخەی زانستی فیزیا دادەنرێن، یان ئەوەتا دەبێت سەری لە لەشی جیابکرێتەوە، لەبەرامبەر ئەمەدا گالیلۆ دەیزانی، پاکانە بکات، یان سووربێت لەسەر سەلماندنەکەی هەر یەك ئاکامی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هیچ کەسێك ناتوانێت ڕێگە لە شۆڕش بگرێت، بۆیە پاکانەی هەڵبژارد، بەڵام نزیکەی ٩٠ ساڵ دوای دادگاییکردنەی گالیلۆ، کەنیسە گەیشتە ئەو قەناعەتەی تیۆرەکەی کۆپەرنیکۆس و سەلماندنەکەی گالیلۆ، بێجگە لە پیشاندانی ئەوەی کە شۆڕشی ئەستێرەکان لە ئاسماندا ئیرادەی پەروەردگارە و کەس ناتوانێت ڕێگەی لێ بگرێت، بۆیە لە ساڵی ١٧٤١ ز، کەنیسە بڕیاری دا، هەموو کتێبەکانی گالیلۆ چاپ بکرێت و لەساڵی ١٨٢٠ ز دیسان کەنیسە بڕیاری دا، کتێبەکەی کۆپەرنیکۆس (شۆڕش لە سووڕانەوەی ئەستێرەکانی ئاسماندا) چاپ بکرێت. هەر بۆیە لەدوای ئەوەی کەنیسە لە سەدەی هەژدەیەم گەیشتە ئەو قەناعەتەی (شۆڕش) ئیرادەی پەروەردگارە و کەس ناتوانێت دروستی بکات و کەسیش ناتوانێت ڕێگری لێ بکات، وردە وردە چەمکی شۆڕش هاتۆتە ناو کایەی سیاسی و هەر جووڵانەوەو ڕاپەڕینێکی جەماوەری نەتوانرابێت ریگری لێ بکرێت و خامۆش بکرێتەوە، پێیان گوتووە: (ئەو شۆڕشە و کەس ناتوانێت ڕێگری لێ بکات.) هەر بۆ نموونە کاتێك خەڵکی ڕاپەڕیوی فەرەنسا لە ١٤ی تەموزی ساڵی ١٧٨٩ هەڵیانکوتایە سەر قەڵای باستیل و ئازادیان کرد، پادشای فەرەنسا داوای لە دەستوپێوەندەکانی کرد کە بەرپەرچی یاخیبووان بدەنەوە، بەڵام فەرماندەی پاسەوانەکان بەو جۆرە وەڵامی پادشای دایەوە کە (ئەوە یاخیبوون نییە و شۆڕشە و هیچ کەس ناتوانێت ڕێگری لە شۆڕش بکات و دایبمرکێنێتەوە). ئەم ڕۆژەش کە وەك ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسا لە مێژوو تۆمارکرا، نەك هەر بۆ گەلی فەرەنسا، بەڵکو بۆ تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی وەك وەرچەرخانێکی مەزن بەرەو ئازادی سەیر دەکرێت.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە خوێندنەوەیەکی لۆژیکییانە بۆ ڕاپەڕینی جەماوەریی گەلی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ بکەین و، بارودۆخی سیاسیی ئەو کاتی کوردستان وەك ئەوکات چۆن بووە، بیخەینەوەڕوو، ئایا ئەقڵ قبووڵی دەکات، ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەرییە،

**گەلی کوردستان بەبێ ئەوەی چیاکان دۆستی بێ، بەبێ ئەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەبێت، بۆ ئەوەی لەکاتێکدا ئەگەر ڕاپەڕین شکستی هێنا، پەنای بۆ بەرێت، توانی لە ساتەوەختی خۆیدا ڕاپەڕێت و تەواوی کوردستان بە کەرکوکیشەوە ئازاد بکات**

**لەدوای کیمیاباران و پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال لە دژی تەواوی ناوچەکانی کوردستان هەر لە (زاخۆوە تا خانەقین)، لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٨- تا ئاداری ١٩٩١، تەنیا یەک ڕووبەڕووبوونەوەی گەورە لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و جاش و سوپای عێراق ڕوویداوە، ئەویش (داستانی خواکورک)ە بە فەرماندەیی پێشمەرگە مسعود بارزانی و لە ١٩ی تەموزی ١٩٨٨ دەستی پیکردووە و ماوەی ٤٥ ڕۆژ بەردەوام بووە**

بە هاندانی حزبێك، یان چەند حزبێك رووی دابێت؟ بێگومان مێژووی تەواوی شۆڕش و راپەڕینەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەڵێن: نەخێر، شۆڕش و راپەڕینی جەماوەری لە توانای حزبی سیاسی و سەرکردە سیاسییەکان گەورەترە، هەر بۆ نموونە کاتێك محەمەد بوعەزیزی لە ٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ لەسەر یەکێك لە شەقامەکانی تونس وەك نارەزایییەك بەرامبەر شکاندنی عەرەبانە دەستگێڕەکەی، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، کەس مەزندەی ئەوەی نەدەکرد کە ئەم رووداوە ببێتە سەرەتای ئەوەی پێی دەگوترێت بەهاری عەرەبی، کە نەك هەر تونس، بەڵکو بەشی هەرە زۆری وڵاتانی عەرەبی بگرێتەوە، لەمەش زیاتر لەدوای ئەم خۆسووتاندنەی بوعەزیزی زیاتر لە ٥٠ لاوی دیکەی عەرەبی لە وڵاتانی عەرەبی وەك لاساییکردنەوە، ئەوانیش خۆیان سووتاند، بەڵام ئایا بێجگە لە خۆسووتاندنەکەی بوعەزیزی، کەسی دیکەیان وەك بڵێسەی شۆڕشەکانی وڵاتانی عەرەبی ئاماژەی پێدەکرێت؟ پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا حزبی (نەهزەی ئیسلامی) کە ئێستا حزبی دەسەڵاتداری تونسە، دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو حزبە راپەڕینی جەماوەری لە تونسدا دەست پێکردووە؟ یان ئەگەر حزبی نەهزەی تونسی بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو راپەڕینی تونسی کردووە، ئایا بەمە سووکایەتی بە ئیرادەی گەلی تونسی ناکات؟ بێگومان حزبی نەهزەی تونسی کارێکی ئاقڵانەی کردووە کە ئەم بانگەشەیەی نەکردووە و پەیکەر بۆ محەمەد بوعەزیزی دروست دەکات، وەك سیمبولی راپەڕینی گەلی تونس، خۆ ئەگەر خۆی بکات بە خاوەنی راپەڕینەکە، ئەوە سووکایەتی بە ئێرادەی گەلەکەی دەکات، لەمەش زیاتر، ئەو کاتەی راپەڕینی جەماوەری لە تونس روویدا، هیچ کەسێك پێشبینی ئەوەی نەکردووە کە ئەگەر راپەڕین لە وڵاتانی عەرەبی رووبدات، یەکەم وڵات تونس دەبێت. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا تونس بەراورد بە وڵاتانی دیکەی عەرەبی، داهاتی خەڵکەی چەند لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی باشتر بووە؟ بێگومان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێش راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی، تونس ئەو دەوڵەتە بوو کە بە بەراورد لەگەڵ هەموو وڵاتانی عەرەبی، لە روانگەی رۆژئاواوە بەو جۆرە سەیر دەکرا کە دەبێت وڵاتانی دیکەی عەرەبی لاسایی بکەنەوە، بەڵام یەکەم وڵاتیش بوو دوای خۆسووتاندنەکەی بوعەزیزی راپەڕینی جەماوەری تێدا دروست بوو، یەکەم وڵاتیش بوو کە رژێمەکەی رووخێنرا، پاشان وڵاتانی دیکەی عەرەبیشی گرتەوە.

سەبارەت بە راپەڕینی گەلی کوردستانیش لە ساڵی ١٩٩١، لەگەڵ ئەوەی رۆژی ٥ی ئادار کە رۆژی راپەڕینی خەڵکی رانیەی قارەمانە و بە فەرمی لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە وەك رۆژی چەخماخەی راپەڕینی گەلی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام هەتا ئێستاش قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە رۆژی ٤ی ئادار چەخماخەی راپەڕین لە ئۆردوگایەکی زۆرەملێی خەڵکی شاری قەڵادزێ لە قەزای خەباتی سەر بە پارێزگای هەولێر دەستی پێکردووە. لەبەرامبەر ئەم رووداوەدا، ئایا ئەرشیفی دیکۆمێنتەکانی بەرەی کوردستانی، یان تەواوی حزبە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی، دەتوانن تەنیا یەك دیکۆمێنت بۆ مێژوو بخەنەڕوو و بە نەوەکانی ئێستا و ئایندە بڵێن، فەرموون ئەمە بەڵگە، ئێمە بڕیارمانداوە لە ٤ یان ٥ی ئاداری ١٩٩١ خەڵکی کوردستان راپەڕێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا جێگەی خۆیەتی ئەو قسەیەی پێشمەرگەی دێرین سەید کاکە دووبارە بکەینەوە کە ئەمساڵ بە بۆنەی یادەکانی راپەڕینەوە بڵاوبووەوە کە دەڵێت: «...- نوێنەرێکی ناردبوو بە دووماندا، کە چووم سەیر ئەکەم لەگەڵ جەماعەتی قەرارگای رەمەزان لە کۆبوونەوەدایە! سەیری کردم و گوتی: شانە چەکدارەکانمان حازرن بۆ راپەڕین و هێزەکانمان لە فلانە بەرزاییەوە دەچنە خوارەوە! ئەمنیش گوتم: خودا عافوت بکا، ئەتۆ ئاگات لە دونیا نییە؟

وتی: بۆ؟ چی بووە کاك سەید؟

گۆتم: ماڵت خراپ نەبێت، راپەڕین دەستی پێکردووە و وا رانیە خەلاس بوو، سەروچاوە و چاقورنە و لە هەموو جێگەکان جەیشی سەدام لە تەسلیمبوونن، ئیتر شانەی چی و چوونە خوارەوەی چی؟

**کاتێک حزبە سیاسییەکان لەدوای ساڵی ١٩٨٦ بەخۆیاندا چوونەوە و سەنگەری خۆکوژی و براکوژییان گۆڕی بۆ سەنگەری مقاوەمەت و بەرگری لە خاکی کوردستان، وەڵامی خەڵکی کوردستان لە راپەڕین و کۆڕەودا ئەوە بوو، باوەشی بە بەرەی کوردستانیدا کرد و دەستکەوتەکانی راپەڕین و کۆڕەوی پێشکەشی حزبەکانی بەرەی کوردستانی کرد**

**خەڵکی کوردستان نەک لەگەڵ شەڕی براکوژیی حزبە سیاسییەکان نەبووە، بەڵکو گەلێک جار سیاسەتی هەڵەی حزبە سیاسییەکان بە رادەیەک خەڵکی کوردستانی تووڕە و بێ ئومید کردووە، کە نەک هەر وەڵامدانەوەی بۆ حزبە سیاسییەکانی کوردستان نەبووە، بەڵکو زوڵم و زۆر و تەعەدای رژێمی بەعسی قبووڵ کردووە، بەڵام پشتگیری لە سیاسەتی هەڵەی خۆکوژیی حزبەکان نەکردووە**

**لەبەر ئەوەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان خۆیان لەچوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا ڕێکخستبوو، ستراتیژێکیان بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناخە سەختە دارشتبوو، هیوایەک لەناو دڵی هەر تاکێکی ئەم کوردستانە دروست ببوو، رۆژ لە دوای رۆژیش ئەو هیوایە گەشەی دەکرد، لەبەرامبەردا ئایدیۆلۆژیەتی حزبی و دژایەتیکردنی ئەم بەرامبەر ئەوی دی لە ژێر پەردەی حزبایەتیدا بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو**

**ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی جیا لەوەی بووە بناخەیەک بۆ دروستبوونی بەرەی کوردستانی، لە هەمانکاتدا ڕژێمی بەعسی شێتگیر کرد و بڕیاریدا لە ژێر پەردەی شەڕی عێراق – ئێراندا، نەک هەر کۆتایی بە شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بهێنێت، بەڵکو خاک و گەلی کوردستانیش تەسفیە بکات**

گۆتی: چۆن؟ ئەمە کێ کردی؟

گۆتم: بابی من خەڵك و عەسكەری فیرار هەر هەموویان بەیەکەوە هێرشیان بۆ سەر مۆڵگەکانی بەعس دەستپێکردووە.»

گێڕانەوەی ئەم قسەیەی پێشمەرگەی دێرین (سەید کاکە) بۆ ئەوە نییە کە بڵێین هێزەکانی بەرەی کوردستانی رۆڵیان لە پشتگیریی راپەڕینی جەماوەریی بەهاری ١٩٩١ی خەڵکی کوردستان نەبووە، بەپێچەوانەوە، رۆڵی بەرەی کوردستانی لە پشتگیریی جەماوەر و درێژەدان بە راپەڕینەکە هەتا کەرکووکی دڵی کوردستانیش کە لە ٢١ی ئاداری ١٩٩١ ئازادکرا، زۆر گرنگە، بەڵام چەخماخەی راپەڕین کە لە ئیرادەی گەلی کوردستان و پشتیوانیی پەروەردگارەوە سەرچاوە دەگرێت، دەبێت وەك خۆی باس بکرێت و هیچ کەس و لایەنێك خۆی نەکات بە خاوەنی ئەو ئیرادە لە بن نەهاتووە، لەبەر ئەوەی جیا لەوەی هیچ حزب و سەرکردەیەك ئەو توانایەی نەبووە رۆژ و ساتی بڵێسەی شۆڕش و راپەڕین دیاری بکات، لەهەمانکاتدا هەر لایەن و کەسێك خۆی بکاتە خاوەنی راپەڕین، بێجگە لەوەی سووکایەتی بە ئیرادەی گەلەکەی دەکات، خۆیشی وەك لایەنێکی بێ متمانە لە مێژوودا تۆمار دەکات.

## ● ئەوکاتەی چەخماخەی راپەڕین دەستی پێکرد

بەشی زۆری چیاکانمان داگیرکرابوو. کوردستانیش ئۆردوگایەکی زۆرەملێی گەورە بوو

لەدوای کیمیاباران و پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال لە دژی تەواوی ناوچەکانی کوردستان هەر لە (زاخۆوە تا خانەقین)، لەماوەی ساڵانی ١٩٨٨- تا ئاداری ١٩٩١، تەنیا یەك رووبەڕووبوونەوەی گەورە لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و جاش و سوپای عێراق روویداوە، ئەویش (داستانی خواکورك)ە بە فەرماندەیی پێشمەرگە مسعود بارزانی و لە ١٩ی تەمووزی ١٩٨٨ دەستی پیکردووە و ماوەی ٤٥ رۆژ بەردەوام بووە، ئەو شوێنەشی ئەم داستانەی لێ تۆمار کراوە، دەکەوێتە سێ گۆشەی سنووری نێوان (عێراق – ئێران – تورکیا)، ئەم ناوچەیەش بێجگە لەوەی ناوچەیەکی سەختی شاخاوییە، لە هەمانکاتدا نزیکەی ١٢٠-١٥٠ کیلۆمەتر لە سەنتەری پارێزگای هەولێرەوە دوورە.

ئاماژەکردنمان بۆ داستانی (خواکورك) بۆ پێداهەڵدان بەو داستانە بێ وێنەیە نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە نەوەی ئێستا بزانن کە لەدوای ئەنفال و کیمیاباران و شەڕی ٨ساڵەی نێوان (عێراق – ئێران)، سوپای عێراق دەستی بەتاڵ بووبوو، تەواوی ناوچەکانی کوردستانی باشووری داگیرکردبوو، تەنانەت هێرشیشی کردە سەر چیای خواکورك کە دوایین خاڵی سنووری نێوان ( عێراق و ئێران و تورکیا )یە، کە هێرشیشی کردە سەر چیای خواکورك، دەیزانی هێزی پێشمەرگە لەو سێگۆشە سنوورییە بوونیان هەیە، بۆ ئەوەی بوو کە لەسەر سنووریش هێزی پێشمەرگە ئاودیو بکات. دیارە لە پارێزگای سلێمانیش، لەو دیوی شەقامی شەست مەتری کە ئێستا پێی دەڵێن (بازنەی مەلیك مەحمود) تا دەگاتە سنووری ئێران هەر هەمووی ناوچەی موحەرەمە بووە و کەس نەیدەتوانی بچێتە ئەو شوێنانە، تەنانەت مەفرەزەکانی پێشمەرگەش زۆر بە نهێنی لەو ناوچانە دەمانەوە، سەبارەت بە پارێزگای دهۆکیش، لەوێش بێجگە لە سەنتەری شاری دهۆك و قەزای زاخۆ، ئەوی دیکەی ناوچەی موحەرەمە بووە و دانیشتووانەکەی ئەنفال کرابوون.

لەناو ئەم واقیعە تاڵەدا، کە تەواوی کوردستانی باشوور لە ئۆردوگایەکی زۆرەملێ دەچوو کە هەر چوار دەوری بە جاش و سوپا و دەزگاکانی ئەمن و ئیستخباراتی رژێمی بەعس تەنرابوو، چیاکانی کوردستان تا سەر سنوورەکان هەمووی بە رەبایەی جاش و سوپا داگیرکرابوون، لەمەش خراپتر، رژێمی بەعس لەدوای ساڵی ١٩٨٨ ەوە بەشێوەیەکی هێندە دڕندانە مامەڵەی لەگەڵ شارەکانی (سلێمانی و هەولێر و دهۆك) کردبوو، لە هەر شوێنێکی ئەو سێ شارە تەقەیەك کرابێت، تەواوی ئەو شوێنانەی بە شۆفل تەخت دەکرد و بۆ ماوەی مانگێك تا دوو مانگ هاتوچۆی لێ قەدەغەکرد، بەڵام کە لە رۆژی ٤ی ئادار لە ئۆردوگای زۆرەملێی خەبات چەخماخەی راپەڕین دەستی پێکرد و لە بەرەبەیانی ٥ی

ئاداریش لە دەروازەی راپەڕینەوە، راپەڕین قۆناخی سەرکەوتنە یەك لەدوایەکانی دەستی پێکرد و لەماوەی دوو رۆژدا گەیشتە شاری سلێمانی و لە ٧ی ئاداری ١٩٩١ شاری سلێمانی ئازاد کرا، ئیدی بە ئازادکردنی سلێمانی، ئازادکردنی هەولێر و دوای ئەویش دهۆك و ئازادکردنی کەرکووك، نەورۆزی ١٩٩١ بووە جەژنی سەرکەوتنی راپەڕین و لەگەڵ جەژنی نەتەوەیی نەورۆز ئاوێتە بوو.

گێڕانەوەی بارودۆخی ساتەوەختی راپەڕین وەك ئەو واقیعەی لە ئاداری ١٩٩١ بوونی هەبووە، ئیرادەی پۆڵایین و لەبن نەهاتووی گەلی کوردستان بەرجەستە دەکاتەوە، ئەمەش بەو مانایەی گەلی کوردستان بەبێ ئەوەی چیاکان دۆستی بن، بەبێ ئەوەی پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەبێت، بۆ ئەوەی لەکاتێکدا ئەگەر راپەڕین شکستی هێنا، پەنای بۆ بەرێت، توانی لە ساتەوەختی خۆیدا راپەڕێت و تەواوی کوردستان بە کەرکوکیشەوە ئازاد بکات. ئەمەش راستییەکە هەر کەس نکۆڵی لە ئیرادەی گەلەکەی بکات و بە مۆرکی حزبی دایبپۆشێت، ئەوا بێجگە لەوەی خۆی شەرمەزاری مێژووی نەتەوەکەی دەکات، لە هەمانکاتدا دەبێت وەڵامێکیشی بۆ کۆڕەوە میلیۆنییەکەی دوای شکستی راپەڕینیش پێ بێت.

ساڵانە کە ساڵیادی راپەڕین دەکەینەوە، لایەنی سیاسی هەیە لە کوردستاندا کە راپەڕینی خەڵکی کوردستان وەك دەسکەوتێکی حزبی بە خەڵکی کوردستان دەفرۆشێتەوە و لافی ئەوە لێدەدا کە ئەو حزبە رێکخەر و ئەندازیاری راپەڕینی خەڵکی کوردستان بووە. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، گریمان ئەو حزبە رێکخەر و ئەندازیاری راپەڕینی خەڵکی کوردستان بووە، بەڵام ئایا هەر ئەو حزبە دەتوانێت بڵێت، من رێکخەر و ئەندازیاری کۆڕەوی خەڵکی کوردستان بووم؟ لایەنێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە ئەگەر حزبێکی سیاسی ئەو توانایەی هەبێت کە هەموو خەڵکی کوردستان بۆ راپەڕینی سەرتاسەری هانبدات و راپەڕینیش سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، ئایا بۆچی کە سوپای عێراق گەڕایەوە، نەیتوانی ببێتە هەمان رێکخەر و ئەندازیار و تەواوی تواناکانی گەلی کوردستان رێکبخات و رێگە نەدات سوپاکەی بەعس بگەڕێتەوە؟ بۆیە ئەو ئیرادەیەی راپەڕینی کرد، هەمان ئیرادە بڕیاری کۆڕەویشی دا. پرسیاریی گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا جیاوازیی نێوان ئەو ئیرادەیەی راپەڕینی کرد و ئەو ئیرادەیەی بڕیاری کۆڕەوی دا، چییە؟ ئایا چۆن خەڵکی کوردستان لە زاخۆ تا خانەقین بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە بە یەکدەنگی بڕیاریاندا رەو بکەن و وڵات بۆ داگیرکەر بەجێبهێڵن؟ ئەمە لەکاتێکدا هەموو خەڵکی کوردستان دەیانزانی تەواوی ناوچەکانی کوردستان لە دەرەوەی شارەکان هەتا سنوور کاول کراوە و ژیانی تێدا نییە، بەڵام خەڵکی کوردستان بڕیاریان دابوو «یان مردن یان ئازادی» هەڵبژێرن.

لە کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ لە دوو شوێنی جیاواز، هێزی پێشمەرگەی کوردستان رووبەڕووی دوژمن بووەوە، یەکەمیان لە ئەزمەر و ئەوی دیکەیان لە دەربەندی کۆڕێ، ئەم دوو رووبەڕووبوونەوەیە، دوو داستانی زۆر قارەمانانە بوون و بە خوێنی چەندین پێشمەرگەی قارەمان تۆمار کران، ئەم دوو داستانە وەك مێژووی مقاوەمەت و بەرگری دژی داگیرکارانی کوردستان گرنگن و جێگای شانازین، بەڵام پرسار لێرەدا ئەوەیە، ئەم دوو داستانە توانییان شاڵاوی کۆڕەو رابگرن، ئایا ئەم دوو داستانە توانییان رەوتی رووداوەکان پێچەوانە بکەنەوە و رای گشتی نێودەوڵەتی بەرامبەر دۆزی راوەی گەلی کوردستان بگۆڕن، بێگومان نەخێر، بەڵکو ئەوەی توانی رای گشتی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی بگۆڕێت، زومی ئەو کامێرانە بوو کە رۆژنامەنووسانی جیهانی پیشانی هەموو جیهانیان دا، گەلێك بە کۆمەڵ نیشتمانەکەی خۆی لە ترسی داگیرکاری وڵاتەکەی بەجێدەهیڵێت و مردن هەڵدەبژێرێت، ئەم کۆدەنگییەی کۆڕە و پیشاندانی ئەو ئیرادە گەورەیەی گەلی کوردستان، جیهانی ناچار کرد کە بەپەلە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆببێتەوە و بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەسەند بکات و ناوچەی

**محەمەد ئەرەگۆن بیرمەندی فەرەنسی و بە رەگەز جەزائیری سەبارەت بە حوکم لە مێژوودا دەڵێت: «مێژوونووس دەبێت وەک دادوەر وابێت لە دادگادا، چۆن بەبێ دەقی یاسا، نە تاوان بوونی هەیە و نە سزا، ئەوا لە نووسینەوەی مێژووشدا بەبێ دەق هیچ رووداوێک بوونی نییەو دەبێت دەقەکانی مێژوو بڕیار لە رووداوەکانی ناو مێژوو بدەن.»**

**خەڵکی کوردستان لە زاخۆ تا خانەقین بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە بە یەکدەنگی بڕیاریاندا رەو بکەن و وڵات بۆ داگیرکەر بەجێبهێڵن، ئەمە لەکاتێکدا هەموو خەڵکی کوردستان دەیانزانی تەواوی ناوچەکانی کوردستان لە دەرەوەی شارەکان هەتا سنوور کاول کراوە و ژیانی تێدا نییە، بەڵام بڕیاریان دابوو «یان مردن یان ئازادی» هەڵبژێرن**

**دەرکەوتنی ئیرادەی گەورەی خەڵکی کوردستان بۆ ڕاپەڕین، بەرەنجامی ئەوەیە کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەماوەی ساڵانی کۆتایی ١٩٨٦ – ١٩٩١، ڕوویان لە ئاشتی و تەبایی و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی کردو پاشانیش بە ئیرادەیەکی یەکگرتووی دوور لە تێڕوانینی تەسکی حزبایەتی بەرەی کوردستانییان پێکهێنا**

ئارام لەسەروو هێڵی **٣٦** هوە دابین بکرێت، بۆ ئەوەی گەلێك لە مەترسیی لەناوچوون ڕزگار بکات.

خستنەوە ڕووی ئەم لاپەڕانە کە زۆر جار حزبەکان بۆ بەرژەوەندیی حزبیی خۆیان، یان بۆ شەڕی دەسەڵات و دەنگ کۆکردنەوەو لە خشتەبردنی نەوەی ئێستا پەردەپۆشی دەکەن، مانای ئەوە نییە بەرەی کوردستانی، یان حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی ڕۆڵیان نەبووە، یان کاریگەرییان لەسەر خەڵکی کوردستان نەبووە، بەڵکو دەرکەوتنی ئەم ئیرادە گەورەیەی خەڵکی کوردستان، بەرەنجامی ئەوەیە کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ماوەی ساڵانی کۆتایی ١٩٨٦ – ١٩٩١، ڕوویان لە ئاشتی و تەبایی و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی کردو پاشانیش بە ئیرادەیەکی یەکگرتووی دوور لە تێڕوانینی تەسکی حزبایەتی بەرەی کوردستانییان پێکهێنا. بەرەی کوردستانی لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی لەشکرەوە، خاوەنی ئەو توانا سەربازییە نەبوو کە بتوانرێت لەگەڵ سوپای ڕژێمی بەعس بەراورد بکرێت، بەڵام لە ڕووی مەعنەوییەوە دروستکردنی بەرەی کوردستانی ئومێدێکی بۆ خەڵکی کوردستان دروست کرد، ئەمەش نەك تەنیا بۆ ئەو خەڵکەی کە لایەنگری شۆڕش بوون، بەڵکو بۆ ئەوانەشی چەند ساڵێك بوو لەبەر هەر هۆیەك بێت چەکی جاشایەتییان بۆ ڕژێمی بەعس لە شان کردبوو، هەر ئەو چەکدارە کوردانەشی



چەکیان بۆ بەعس هەڵگرتبوو، لە راپەڕیندا توانییان ببنە پاڵپشت بۆ جەماوەری راپەڕیوی خەڵکی کوردستان و راپەڕینەکە سەربخەن.

## • هەوێنی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی خەڵکی کوردستان لە راپەڕین و کۆڕەودا

لەوانەیە تێڕوانینی تەسکی حزبییانە کەمتر بواری دابێت، هەڵوەستەی جددی لەسەر ئەو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە خۆڕسکەی خەڵکی کوردستان لە راپەڕین و کۆڕەودا بکرێت، کە ئەم لایەنە بە درێژایی مێژووی هەموو شۆڕش و راپەڕینەکانی کوردستان، رووداوێکی بێ وێنەیەو لە هیچ سەردەم قۆناخێکی شۆڕش و راپەڕینەکانی مێژووی کوردستاندا، تەواوی خەڵکی کوردستان بەجیاوازیی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی و نەتەوە و ئایینەوە، وەك هەردوو رووداوی (راپەڕین و کۆڕەو) یەکدەنگ و یەکهەڵوێست نەبوون.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر لەسەر ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەی گەلی کوردستان ئەو پرسیارە بکەین، ئایا گەلی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و هەستی بەوە کردووە چیتر نابێت چەوساوەو ژێردەست بێت، یان حزبە سیاسییەکانی کوردستان رۆڵی هۆشیارکردنەوەیان گێڕاوە و گەلی کوردستانیان گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە هەموو

**لە هیچ سەردەم قۆناخێکی شۆڕش و راپەڕینەکانی مێژووی کوردستاندا، تەواوی خەڵکی کوردستان بەجیاوازی ئایدیۆلۆژیەتی سیاسی و نەتەوە و ئایینەوە، وەک هەردوو رووداوی (راپەڕین و کۆڕەو) یەکدەنگ و یەکهەڵوێست نەبوون**



پێکەوە ڕاپەڕن و پێکەوە بڕیاری (یان کوردستان یان نەمان) هەڵبژێرن؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە ڕاستگۆیی و بوێری هەیە و دەبێت ڕووداوە مێژووییەکان وەك دەقەکانی یاسا، بڕیار لەسەر هەقیقەتی ئەو مێژووە و ڕاستییەکان بدەن، سەبارەت بە بڕیاری مێژوو، محەمەد ئەرەگۆن بیرمەندی فەرەنسی و بە ڕەگەز جەزائیری سەبارەت بە حوکم لە مێژوودا دەڵێت: «مێژوونووس دەبێت وەك دادوەر وابێت لە دادگادا، چۆن بەبێ دەقی یاسا، نە تاوان بوونی هەیە و نە سزا، ئەوا لە نووسینەوەی مێژووشدا بەبێ دەق هیچ ڕووداوێك بوونی نییەو دەبێت دەقەکانی مێژوو بڕیار لە ڕووداوەکانی ناو مێژوو بدەن.» ئەوجا ئەگەر ئەم تێڕوانینەی ئەرەگۆن بکەین بە ئاراستەیەك بۆ وەڵامی پرسیارەکەمان، ئەوا دەبێت، ڕووداوەکان وەك خۆیان بنووسینەوە و پاشان حوکم لەسەر ڕاستییەکان بدەین، بەمجۆرە:

١. کاتێك لەساڵی ١٩٨٠ شەڕی (عێراق — ئێران) هەڵگیرسا، زۆربەی هەرە زۆری لاوانی کوردستان شەڕی قادسیەی سەدامیان ڕەتکردەوە و نەچوون بۆ خزمەتی سەربازی و ڕایان کردو چوونەشاخیان هەڵبژارد، ئەوانەی کە شەڕی قادسیەی سەدامیان ڕەتکردەوە، بە هەموو مەزندەیەك لە نێوان ٥٠-٧٠ هەزار لاوی کوردستانی بوون، کە ڕوویان کردبووە گوند و دێهاتەکانی کوردستان و هەمووشیان بەو ئامانجە ڕوویان لە چیاکان و گوندو دێهاتەکان کردبوو، کە جارێکی دیکە نەگەڕێنەوە بۆ خزمەتی سەربازی و پێیان باشتر بوو ببنە پێشمەرگە و لەپێناوی کوردستان شەهید بن، نەك لە قادسیەی سەدام بکوژرێن، بەڵام ژمارەیەکی هێجگار کەمی ئەو لاوانە بوون بە پێشمەرگە و ئەوانی دیکەیان وەك ڕاکردوو (فیرار) لە گوندەکاندا مانەوە، هەتا ڕژێمی بەعس لێبووردنی گشتی دەرکرد و پاشان هەموویان گەڕانەوە. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، بۆچی ئەو بەدەیان هەزار لاوەی کوردستان نەبوونە پێشمەرگە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە، لەبەر ئەوەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان سەرقاڵی شەڕی خۆکوژی و براکوژی بوون، ئەو دەیان هەزار لاوە ڕەتیان کردەوە چەکی پێشمەرگایەتی بکەنە شان و ببن بە پێشمەرگەیەك کە برای خۆی بکوژێت، بۆیە لایان وا باشتر بوو کە خۆیان تەسلیمی بەعس بکەنەوە، نەك شەڕی براکوژی بکەن.

٢. لەماوەی ساڵانی سەرەتای ١٩٨٣ تا ١٩٨٥ کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان پرۆسەی دانوستاندنی لەگەڵ ڕژێمی بەعس دەست پێکرد، خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری بەتایبەتی، پێشوازییەکی گەرمیان لە دانوستاندنی یەکێتی و بەعس کرد و ئومێدیان بەوە بوو، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بتوانێت بە هاوشێوەی ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ ڕێککەوتنێك لەگەڵ بەعس ئیمزا بکات و سەرلەنوێ ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان ڕێکبخاتەوە، بەڵام حزبی بەعس بەوجۆرە بۆ دانوستانەکە نەهاتە پێشەوە و زیاتر مەبەستی کات کوشتن بوو، بۆ ئەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەستەمۆ بکات، لەمەش زیاتر کاتێك قوتابیە کوردەکانی تەواوی زانکۆکانی عێراق، مەشقی سەربازییان ڕەتکردەوە، بەو هێوایەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەك لایەنێکی کوردستانی بەرگری لە قوتابیان بکات و ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئیرادەی قوتابیانی کوردستان لە زانکۆکانی عێراقدا سەرکەتوو بێت، بەڵام بەپێچەوانەوە حزبی بەعس هیچ ڕێزێکی بۆ دانوستاندنەکەی لەگەڵ یەکێتی دانەنا و زۆر دڕندانە خۆپیشاندان و مانگرتنی قوتابیانی کوردستانی لە زانکۆکانی عێراقدا سەرکوت کرد، لەبەرامبەریشدا یەکێتی نیشتمانی لەبەرامبەر هێز و توانای ڕژێمی بەعسدا نەیتوانی بەرگرییەکی ئەوتۆ لە قوتابیان بکات، ئەمەش جۆرێك بێ ئومێدی لەناو قوتابیانی کوردستانی لە زانکۆکانی عێراق دروست کرد و ناچاربوون کە ملبدەن و مەشقی سەربازی بکەن.

٣- دوای ئەوەی یەکێتی خۆیشی گەیشتە ئەو پەڕی نائومێدبوون لە دانوستاندنەکەی لەگەڵ ڕژێمی بەعس، بڕیاری دووبارە شەڕکردنی دایەوە، بەڵام ئەوەندەی ڕژێمی بەعس لەماوەی دانوستاندن سوودی وەرگرتبوو، یەکێتی هێندە سوودی وەرنەگرتبوو، بۆیە کاتێك یەکێتی بڕیاری شەڕکردنی دایەوە، ڕژێمی بەعس زۆر بێمنەتانە و دڕندانە کەوتە مامەڵەکردن

**ئەگەر حزبێکی سیاسی ئەو توانایەی هەبێت کە هەموو خەڵکی کوردستان بۆ ڕاپەڕینی سەرتاسەری هانبدات و ڕاپەڕینیش سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، بۆچی کە سوپای عێراق گەڕایەوە، نەیتوانی ببێتە هەمان ڕێکخەر و ئەندازیار و تەواوی تواناکانی گەلی کوردستان ڕێکبخات و ڕێگە نەدات سوپاکەی بەعس بگەڕێتەوە؟**

**جیا لەوەی هیچ حزب و سەرکردەیەک ئەو توانایەی نەبووە ڕۆژ و ساتی بڵێسەی شۆڕش و ڕاپەڕین دیاری بکات، لەهەمانکاتدا هەر لایەن و کەسێک خۆی بکاتە خاوەنی ڕاپەڕین، بێجگە لەوەی سووکایەتی بە ئیرادەی گەلەکەی دەکات، خۆیشی وەک لایەنێکی بێ متمانە لە مێژوودا تۆمار دەکات**

لەگەڵ خەڵکی کوردستان و بە ئاشکرا و بە بەرچاوی خەڵکەوە، لاوەکانی کوردستانی لەسەر شەقامەکان گوللەباران دەکرد و پاشانیش ڕێگەی نەدەدا کەسوکارەکەشی پرسەی بۆ دابنێن، لەبەرامبەریشدا خەڵکی کوردستان وێڕای ئەو هەموو زوڵم و زۆر و دڕندایەتییەی بەعسی دەبینی، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکێتی نیشتمانی لەلایەك و حزبەکانی دیکە لەلایەك بوون و پێکەوە لەیەك سەنگەردا نەبوون، خەڵك ئومێدی بە هیچ شتێك نەمابوو، ڕژێمی بەعسیش ئەمەی بە باش دەزانی، بۆیە بە ئارەزووی خۆی کەوتبووە سەرکوتکردنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان.

٤. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ پرۆسەی ئاشتبوونەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی پێکرد و ئاکامەکەی بە ڕێککەوتن و ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی کۆتایی هات، ئەم ڕێککەوتنەی نێوان پارتی و یەکێتی جیا لەوەی بووە بناخەیەك بۆ دروستبوونی بەرەی کوردستانی، لە هەمانکاتدا ڕژێمی بەعسی شێتگیر کرد و بڕیاریدا لە ژێر پەردەی شەڕی عێراق – ئێراندا، نەك هەر کۆتایی بە شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بهێنێت، بەڵکو خاك و گەلی کوردستانیش تەسفیە بکات، ڕژێمی بەعس لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ هەرچی لەتوانای هەبوو، بە کیمیاباران، پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال، کاولکردنی تەواوی ناوچەکانی دەرەوەی هەر سێ شارە گەورەکەی (سلێمانی و هەولێر و دهۆك)، هەرچی پێی کرا، کردی، بەڵام لەبەر ئەوەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان خۆیان لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا ڕێکخستبوو، ستراتیژێکیان بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناخە سەختە داڕشتبوو، هیوایەك لەناو دڵی هەر تاکێکی ئەم کوردستانە دروست ببوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئەو هیوایە گەشەی دەکرد، لەبەرامبەردا ئایدیۆلۆژیەتی حزبی و دژایەتیکردنی ئەم بەرامبەر ئەوی دی لەژێر پەردەی حزبایەتیدا بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو، ئەمەش بەو مانایەی مۆتەکەی دژایەتی حزبایەتی و تێڕوانینی تەسکی حزبایەتی بۆ دژایەتیکردنی یەکتری لەسەر هەست و بیرکردنەوەی تاکی کوردستان تا ڕادەیەکی باش ڕەویبووەوە، بۆیە ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە دەرەوەی ئایدیۆلۆژیەتی حزبی بە شێوەیەکی سرووشتی گەڕایەوە شوێنی خۆی کە تەنیا بیر لە کوردایەتی و کوردبوون بکاتەوە، بەرهەمی ئەم کوردایەتی و کوردبوونەش لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ ڕاپەڕین و کۆڕەوی بەهاری ١٩٩١ ڕەنگی دایەوە.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر سەیری مێژووی ١٥ ساڵی نێوان ساڵی ١٩٧٦- ١٩٩١ بکەین، کە دەکرێت بەشی زۆری ئەم مێژووە وەك لاپەڕەیەکی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان سەیر بکەین، لەبەر ئەوەی بەشی زۆری شەڕی خۆکوژی و براکوژیی نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان بووە، دەبینین کە خەڵکی کوردستان نەك لەگەڵ شەڕی براکوژیی حزبە سیاسییەکان نەبووە، بەڵکو گەلێك جار سیاسەتی هەڵەی حزبە سیاسییەکان بە ڕادەیەك خەڵکی کوردستانی تووڕە و بێ ئومێد کردووە، کە نەك هەر وەڵامدانەوەی بۆ حزبە سیاسییەکانی کوردستان نەبووە، بەڵکو زوڵم و زۆر و تەعەدای ڕژێمی بەعسی قبووڵ کردووە، بەڵام پشتگیری لە سیاسەتی هەڵەی خۆکوژیی حزبەکان نەکردووە، بەڵام کاتێك حزبە سیاسییەکان لەدوای ساڵی ١٩٨٦ بەخۆیاندا چوونەوە و سەنگەری خۆکوژی و براکوژییان گۆڕی بۆ سەنگەری مقاوەمەت و بەرگری لە خاکی کوردستان، وەڵامی خەڵکی کوردستان لە ڕاپەڕین و کۆڕەودا ئەوە بوو، باوەشی بە بەرەی کوردستانیدا کرد و دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین و کۆڕەوی پێشکەشی حزبەکانی بەرەی کوردستانی کرد و هەر گەلی کوردستانیش لە ئایاری ساڵی ١٩٩٢ لە هەڵبژاردنێکی ئازادانەدا، دەنگ و متمانەی بە حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی دا، بەڵام بەداخەوە وەك پێویست ڕێز لە دەنگ و متمانەی خەڵکی کوردستان نەگیرا و لەبری ئەوەی وەك پاداشتێك بۆ ئیرادە و متمانە گەورەیەی خەڵکی کوردستان، ئەزموونێکی حوکمڕانیی ئەوتۆ پیادە بکرێت کە شایستەی خەڵکی کوردستان بێت، کەچی بەرژەوەندیی حزبی و شەڕی دەسەڵات، ئەزموونی فیفتی فیفتی پیشاندایین و هەتا ئێستاش گەلی کوردستان باجی ئەو ئەزموونە شکستخواردووە دەدات.

**ڕۆڵی بەرەی کوردستانی لە پشتگیریی جەماوەر و درێژەدان بە ڕاپەڕینەکە هەتا کەرکووکی دڵی کوردستانیش کە لە ٢١ی ئاداری ١٩٩١ ئازادکرا، زۆر گرنگە، بەڵام چەخماخەی ڕاپەڕین کە لە ئیرادەی گەلی کوردستان و پشتیوانیی پەروەردگارەوە سەرچاوە دەگرێت، دەبێت وەک خۆی باس بکرێت و هیچ کەس و لایەنێک خۆی نەکات بە خاوەنی ئەو ئیرادە لە بن نەهاتووە**

**هانا ئارنێت لە کتێبی شۆڕشدا ئاماژەی بەوە کردووە (کاتێک شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری ڕوودەدات، هیچ هێزێک ناتوانێت ڕووبەڕووی بوەستێتەوە، ئەمە ئەو ساتەوەختەیە کە زەوی و ئاسمان بە یەک یاسا هەڵدەسووڕێن، کە ئەویش ئەو یاسایەی پەروەردگارە کە مانگ و ئەستێرەکان لەئاسمان بە ئازادی لەسەر خولگەی خۆیان دەسووڕێنەوە و، مرۆڤ ئەو توانایەی نییە کە دەست بخاتە ناو ئازادیی مانگ و ئەستێرەکان، یان ئازادییان لێ زەوت بکات.)**

# بەها و پێوەر لە کوردەواریدا!

مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەی سەلماندووە کە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ بەبێ لایەنی ڕۆحی (مەعنەوی) بژی؛ دە هەر ئەوەی مرۆڤ لە گیانلەبەرانی دی جیادەکاتەوە، ئەو لایەنەیە، ئەوەش چونکە مرۆڤ بە سروشت کۆمەڵایەتییە و هەمیشە لەنێو کۆمەڵبوونێکی مرۆییدا دەژی، ژیانی کۆمەڵیش پێویستی بە ڕێکخستنی بوارەکانی ژیانی ئەندامەکانیەتی و پابەندبوونیش بەو ڕێکخستنە مەرجی سەرەکییە بۆ پاراستنی ژیانی کۆمەڵی؛ لێرەدا و بۆ ئەم مەبەستە پێویستبوونی میکانیزم و ئامرازی پاراستنی ئەم کۆمەڵبوونە مرۆییە وەکو پێشمەرجێك خۆیی نواند و بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی وەکو (کولتوور) دەرکەوت- کولتوور ئەرکی پاراستن و کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی ئەو کۆمەڵبوونەی لە ئەستۆ گرت.

کولتوور هەموو ئەو کەرەستە و کەلوپەل و ئامێر و ئامرازە ماددییانە، لەپاڵ ئەو فیکر و باوەڕ و فۆلکلۆر و هونەر و ئەدەب و زانستەدا، دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە هەموو ماوەی مێژووی کۆمەڵبوونەکەیدا دایهێناون و لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریان دێنێ.. لێرەشدا (ژیانی ڕۆژانە) شایانی سەرنجدانە، چونکە هەر توخمێکی کولتووری لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکارنەبرێ، ئەوا وەزیفە کولتوورییەکەی لەدەست دەدات و دەبێت بە توخمێکی کەلەپوور (تراپ) و لە موزەخانە یان کتێبخانەی نیشتمانی دەپارێزرێ و نمایش دەکرێ.

هەموو توخمە کولتوورییەکان، بە ماددی و مەعنەوییەکانیش، هەریەکە بەهای خۆیی هەیە کە گوزارشت لە بنەما و ناوەرۆك و وەزیفەکەی دەکات و کەواتە ڕۆڵی دەبێ لە دارشتنی شێوازی بیرکردنەوەی ئەوانەی ئەم توخمە کولتوورییە لە ژیانیاندا بەکاردێنن.

ژیانی کۆمەڵیی مرۆڤ لەخۆوە و بێ بنەما نییە، بەڵکو لەسەر ڕێکخستنێك دامەزراوە کە لە ماوەیەکی مێژوویی درێژدا و لە پڕۆسەیەکی پڕ ئەزموونی مرۆیی گەیشتووە بەو شێوازە ڕێکخستنە کە هەر یەکێك لە توخمە بنیادییەکانی زەمینەی مێژوویی و فەلسەفیی خۆیی هەیە و بۆیەش کۆمەڵبوونەکانی مرۆیی، مەبەست کۆمەڵگاو سستەمە کۆمەڵایەتییەکانیانە، دیاردەی مێژوویی چەسپاو و تا بڵێی قایم و توندن، زەحمەت ملکەچی گۆڕانکارییەکان بن.

ئەوەی ئەوێز و چەسپاوییەش زامین دەکات- بەهایە، واتە نرخ (قیمە Value)؛ چونکە هەر کەلوپەل و ئامراز و هەر فیکر و باوەڕێك ناوەرۆك و وەزیفەی کولتووریی نەمێنێ، ئەوا بەهاکەی خۆیی لەدەست دەدا و، کەواتە، کەس پێیەوە پابەند نابێ. لێرەدا دەتوانین بگەین بە ئەنجامێك کە کولتوور بەگشتی گوزارشت لە بەهای کۆمەڵایەتیی توخمەکانی خۆیی



د. ڕەشاد میران

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

دەكات، ئەو بەهایانەی كە مایەی مانەوە و بەردەوامبوونیین.

**● پێناسەی.. بەها**

كۆمەڵێك لە فیكر و باوەڕی چەسپاو كە ئاڕاستەی مرۆڤ دەكەن بەرەو ئامانجەكانیان و، ئەمانە، ڕەنگدانەوەیان دەبێ لەسەر ڕەفتار، هەڵوێست، هەڵسوكەوت و كردەوەكانیان لە ژیانی كۆمەڵاتییاندا.. كەواتە ئەمانەی دوایی، واتە ڕەفتار و هەڵوێست و هەڵسوكەوت و كردەوەی خەڵك، دەبن بە پێوەر بۆ بەهاكان.

لەم ڕووەوە، دەتوانین بڵێین كە بەهاكان، ئەم كۆمەڵە فیكر و باوەڕانە، كرۆك و ناوەڕۆكی كولتووری گیانیی كۆمەڵگا پێكدێنن. كولتووری گیانیش، وەكو دەزانین، چەندین توخمی كارا و كاریگەریی هەن، وەكو : زمان، داب و نەریت، ئایین، یاسا، زانست، ئەدەب، هونەر.. كە بەهاكانی هەر یەك لەمانە چەندین پێوەریان هەن بۆ ئەوەی پەیڕەو و پیادەیان بكەین.

**● بەها و سستێمی كۆمەڵایەتی**

مێژووی مرۆڤایەتی سستێمی كۆمەڵایەتیی جۆراوجۆری داهێناون بۆ كۆمەڵبوونە مرۆییەكان ؛ هەر یەكێكیش لەو كۆمەڵبوونانە و ئەندامەكانی، بەپێی ڕەوت و ئەزموونە مێژووییەكانی، جۆرێك لە شێوازی بیركردنەوەی فەراهەمكردووە و تیایدا نرخ و بەهای بە هەندێ بوار و لایەنی ژیان داوە كە جیاوازە لە نرخ و بەهاكانی كۆمەڵبوونەكانیترەوە- ئەوەش جیاوازی لەنێوان سستێمە كۆمەڵایەتییەكاندا دروستكردووە و بەمەوە، لەپاڵ شتیتردا، سستێمەكان لە یەكدی جیادەبنەوە؛ لە هەمان كاتیش ئەو جیاوازییە لە بەهاكان دەبن بە بنەمایەك بۆ دیاریكردنی ئاستی پێشكەوتن یان دواكەوتنی كولتووریی ئەو سستێمە كۆمەڵایەتییانە. هەر ئەم جیاوازییەشە كە، زۆرجاران، دەبێتە مایەی لێك تێنەگەشتنی كۆمەڵگا و میللەت و نەتەوەكانی جیهان- زێدەڕۆیی نابێ بڵێین، بەشێكی زۆری شەڕ و جەنگە جیهانییە كاولكارییەكان ئاكامی ئەو لێك تێنەگەیشتنە بووین.

❊❊❊

**● بەها كۆمەڵایەتی و كولتوورییەكانی كوردەواری!**

كۆمەڵگای كوردیش، لەسەر سستێمێكی كۆمەڵایەتی بنیادنراوە كە كولتووری تایبەت بەخۆیی هەیە و جۆرەها بەهای باوی نێو ئەندامەكانی گوزارشت لەو كولتوورە دەكەن — واتە بەهاكانی كوردەواری ئاوێنەی ئەو كولتوورەن كە سستێمە كۆمەڵایەتییەكە بەڕێوە دەبات.

پێناسە و دەسنیشانكردنی سستێمی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگای كوردی، كارێكی ئاسان نییە؛ ئەوەش لەبەر چەندین هۆكاری مێژوویی، كۆمەڵایەتی، ئێتنیكی، كولتووری

و.. بەڵام دەکرێ سەرنج بدەین کە کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغی وەرچەرخاندایە، تیایدا چەندین توخمی کولتووریی کۆن و تازە ئاویتەی یەکدیی بووین بەجۆرێك کە ڕەوشێکی کولتووریی تەماوی و ئاڵۆزیان لەنێو ئەو کۆمەڵگایە داهێناوە و، کەواتە، بەهای کۆن و نوێ تێکئالاون- ئەوەش بابەتێکی تابڵێی ئاڵۆز و زەحمەتە، بەڵام سەرنجراکیشی بۆ دەروونناس و ئەنترۆپۆلۆگیستان فەراهەمکردووە سەبارەت بە دیراسەکردنی کەسایەتیی مرۆڤی کورد: مرۆی کورد چۆن بیردەکاتەوە، چی بەلاوە گرنگ و بەبایەخە، ڕەفتار و هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانی چ بەهایەکیان لەپشتە...؟

لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەلومەرجە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی ئێمرۆکە لە کۆمەڵگای کوردیدا زاڵ و بەرقەرارن، هەوڵدەدەین ئاماژە بدەین بە هەندێ لە بەها باوەکانی نێو کوردان، وەکو چۆن کۆن یان پاشماوەکانیان، ئاواش نوێ و تازەکان، شیکارییان بۆ بکەین و ئاستی کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد دەربخەین.

**● خۆشەویستی**

خۆشەویستی بەهایەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتییە، گوزارشت لە لایەنی رۆحی و مەعنەوی و سۆزداریی تاکەکان دەکات بەرامبەر بە یەکتر؛ خۆشەویستی ئەگەرچی ڕەهەندێکی گەورەی دەروونیی هەیە، بەڵام ئەویش ملکەچی بەها کۆمەڵی و کولتوورییەکەیە — ئەوا سستێمەکەیە تاك فێردەکات کێ و چەند و چۆن ئەویتر و ئەوانیتری خۆشبوێ ؛ لەم حاڵەتەشدا، پێوەری خۆشەویستی لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەجۆرێکی سەرەکی، ملکەچی و گوێڕایەڵییە: من تەنیا ئەوکاتە تۆم خۆشدەوێ کە لە قسەم دەرنەچی، یان خزمەتم بکەی!!!؛ جێگەی سەرنجە کە خۆشەویستی لە کۆمەڵگای ئێمەدا تەسکترین پانتایی ژیانی گرتۆتەوە کە ڕەنگبێ لە سنووری خێزانی دەرنەچێ، کەچی لەوێشدا بەرجەستەبوونی تابڵێی کزە- دایك بۆ منداڵەکەی لێ دەرچێ، کەس بەکەس ناڵێ: تۆم خۆشدەوێ!.. ئێستاشی لەگەڵدابێت پیاوێك منداڵی خۆی لەناو خەڵك بگرێتە باوەش بەر توانج دەکەوێ! ئەم جۆرە دەربڕینانە تابوویان لەسەرە. ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەو جۆرە سستێمە کۆمەڵایەتییەی تیایدا ژیانێکی وشك، سەخت و دڵڕەقانەی ئەندامانی بەڕێوەدەچێ.

**● گەورە و بچووکی!**

گەورەیی بە تەمەن گوزارشت لە ئەزموون و مەعریفە دەکات، هەرچەندی مرۆڤ بە تەمەنتر بێت ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتیی زێتر دەبێت؛ مرۆڤی بچووك، منداڵ و گەنج، دەبێ هەمیشە گوێڕایەڵی لەخۆ گەورەتر بن - قسە لە قسەی لەخۆگەورەتر ناکرێ؛ نە هەر ئەوە، بەڵکو لە مەجلیسی گەوران بچووك هەر بۆی نییە قسەبکات یان بە هەوەسی خۆیی دابنیشێت یان.. ئەمە بەهایەکی گەلێ گرنگی سستێمی خێڵەتی و دەرەبەگییە کە تیایدا تەمەن و ئەزموون گوزارشت لە مەعریفە دەکەن - لێرەدا زیرەکی، خوێندەواری و بڕوانامە بایەخێکی ئەوتۆی نییە..

گەورە و بچووکی بەدەر لە تەمەنیش هەیە.. پلە و پایەداریی کۆمەڵایەتی- ئاغا، بەگ، نەجیبزادە و دەوڵەمەند لە بەرامبەر خەڵکی عەوام و هەژار و نەداردا، ئەمەش پلەبەندییەکی چینایەتییە لە کۆمەڵگایەکی چینداری وەکو کۆمەڵگای کوردیدا و لەسایەی ئەو جیاکارییە چینایەتییەدا بەهای یەکسانی و مرۆڤبوون بە چەندین شێوە پێشێل کراوە و دەکرێ ؛ نە هەر ئەوە، ئەم جیاکارییە پیرۆز و بەئایینیش کراوە- بە ئەمانەی یەکەم دەگوترێ: «خودا پێداوان ».

**● پیاوەتی**

پیاو لە کۆمەڵگای کوردیدا کائینێکی ئیدیاڵە، هەڵگری هەموو جۆرە سیفەتێکی باش و جوانە- هەموو کردەوەیەکی چاك بە پیاوەتی لەقەڵەم دەدرێ، تەنانەت ئەگەر خاوەنی کردارەکە ئافرەتیش بێت- ئەوەش وەکو دیارە ئەوپەڕی بەرجەستەبوونی یاساکانی پیاوسالارییە لە کۆمەڵگای کوردیدا.

**● نێر و مێ**

سستێمی کۆمەڵایەتیی کوردەواری لەسەر بنەما و یاساکانی پیاوسالاری بنیادنراوە کە تیایدا ڕۆڵ و پێگەی یەکەم دراوە بە پیاو، لە بەرامبەریشدا ڕەگەزی مێ تا ئەوپەڕی نەك هەر پەراوێز خراوە، بگرە مێینە بووە بە ئامرازی تانە و توانجگرتن لەلایەن پیاوانەوە.. جێگەی سەرنجە کە ئەمە چونکە بووە بە

بەها و بووە بە بەشێك لە سستێم، دەبینین ئافرەتانیش شیلگیرانە پەیڕەوی دەکەن و ئێستاش گەلێ جاران بە توانجەوە سیفەتی «ژنانە» دەدەنە پاڵ کوڕ و برا و پیاوەکانیان. لەم جۆرە سستێمانەدا ئافرەت ناگات بە گەلێ پلە و پۆستی سیاسی، ئایینی و کۆمەڵایەتی.

### ● ئایینی

سستێمی کۆمەڵایەتی هەموو هەلێکی ڕەخساندووە بۆ بەرهەمهێنانی تاکی ئیماندار؛ بۆ ئەمەش دەزگای ئایینیی زەبەللاحی، بە هەموو تواناکانییەوە، خستۆتەگەڕ کە شیلگیرانە کار لەسەر لایەنی ڕۆحی و مەعنەویی تاکەکان دەکات و لە کۆمەڵگای ئێمەدا تا ئەوپەڕی سەرکەوتوو بووە، بەڕادەیەك بەها ئایینییەکان لە هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بەزەقی بەرجەستەبووین؛ بۆ نموونە لە قسەکردندا (خواگەورەیە، خوادەزانی، ئینشاڵڵا، خوا عافووت بکات، پێش نوێژ و پاش نوێژ...). ئەمە جگەلە ڕەنگدانەوەی دیاردەی ئایینی لە بوارەکانی کولتووری ماددیدا وەکو: مزگەوت، جلوبەرگ، ڕیش بەردانەوە، شێوازی ژیانی ڕۆژانی ڕەمەزان، جەژنەکان...

### ● خزمایەتی

خزمایەتی شێوەی سەرەکی و هەرەگرنگی پەیوەندییەکانی نێو سستێمی کۆمەڵایەتییە، ئەویش هەرلە خزمایەتیی خوێن و تا دەگاتە بنەماڵەیی و خزمایەتی بەهاوسەرگیری- خزمایەتی کۆنترۆڵی پانتاییەکی یەکجار فراوانی کردووە لە نێو پەیوەندییەکانی ژیانی کوردەواریدا.. ئێمە خزمی یەکدین، دەبێ بەکەلکی یەکدی بێین- گرنگ نییە تۆ چیت یان لەکوێ کاردەکەیت یان چیت پێدەکرێ.. خزمایەتی بەهایەکی گرنگی سستێمی خێڵەتی-دەرەبەگییە و لەپێناویدا چەندین بەهایتری وەکو: یاسا، یەکسانی، دادپەروەری.. پێشێل دەکرێن. ئینتیمای خزمایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا هێشتاش دەور و کاریگەریی خۆیی لەدەست نەداوە.

### ● کۆمەڵایەتی (بەشداربوون لە بۆنە و ڕێو ڕەسمەکان)

مرۆی کورد، چونکە تاکایەتیی خۆیی لەدەسداوە، دەبێ ملکەچی هەموو مەرج و بوارە کۆمەڵایەتییە لەژمارنەهاتووەکان بێ – ئامادەبوون لە ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان: مردووناشتن، پرسە، ژنهێنان، داوەتکاری، سەردان، دیوەخان.. بەبێ ئەمانە، لە کۆمەڵگای بابەتی ئێمەدا، مرۆڤ کەسێکی پەراوێزخراوە.. چونکە ئەمانە لای بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگا نرخ و بەهای خۆیان هەیە – بەشداربوون لە بۆنەکان، لە ناوەرۆکدا، لە پاڵ ئەوەی ئەمە تەجسیدبوونی ڕۆحیاوکاریی کۆمەڵایەتییە کە بنچینەی سەرەکیی ژیانی کۆمەڵایەتییە لە هەر کۆمەڵگایەکدا، هەروەها جەختکردنەوەیە لەسەر توند و تۆڵیی پەیوەندییە کۆمەلایەتییە بنەڕەتییەکانی وەکو: خزمایەتی، دۆستایەتی، هاوسێیەتی، خێڵەتی...

### ● ناوچەگەرێتی

ئەمەش بەهایەکی کۆمەڵگای ئێمەیە، کە ئەوەندەی نیگەتیڤە، ئەوەندەش ڕەنگدانەوەی نەبوونی یان کزیی ئینتیمایەکی گەورەترە لای تاکی کورد.. «خەڵکی لای خۆمانە» ئەمە گوزارشتێکە بەسەر زاری نزیکەی هەموومانەوە و کۆمەڵێك ئیلتیزاماتی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە و، ڕەنگە، لە بەرامبەریدا دوچاری گەلێك لە هەڵوێستی نەخوازراو ببینەوە.

ناوچەگەرێتی نیشانەی پەرتەوازەیی کۆمەڵگایە؛ واتە ئەو کۆمەڵگایە جارێ نەگەیشتووە بە ئاستی یەکبوون و کامڵبوونێکی ئێتنیکی کە تیایدا جیاوازیی نێوان توخم و پێکهاتەکانی نەهێڵێ.

ئەمانە هەمووی بەهای سستێمی ڕۆژگاری پێشترن کە ئەگەرچی زۆریان هێشتا پێگە و کاریگەرییان هەر ماون، بەڵام لە ڕەوشی ئێستای کۆمەڵگای کوردیدا، کە وەکو گوتمان لە قۆناغی وەرچەرخان دایە، دەتوانین سەرنج بدەین چەندین بەهای نوێ و سەردەمیانەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری ئەوا شیلگیرانە لەناو سستێمەکەدا جێگەی خۆیان دەکەنەوە و کەم تا زۆر پیادە دەکرێن – وەکو:

دیموکراتیا

فرەیی: سیاسی، نەتەوەیی، ئایینی..

یەکسانی

مافی مرۆڤ

مافی منداڵ

مافی ئافرەت



ستیفن زونێس

پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# پێشبینی ناکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ئارامی و سەقامگیری لە سووریادا بەدی بێت

**ستیفن زونێس، پرۆفسیۆره له بەشی سیاسەت لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ و سەرۆکی پرۆگرامی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ و پێشتریش بەرپرسی پرۆگرامی دیراساتی ئاشتی و دادپەروەری و مامۆستا بووە لە چەند زانکۆیەکی گرنگی وەك کۆرنێل و تێمپڵ و سۆنۆما ستەیت. وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی ئاشتی و ناکۆکی، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بنەمای ناتوندوتیژی لە رووی تیۆر و پراکتیکەوە، سیاسەت و حکومەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پشێوی و نادڵنیایی باڵی بەسەردا کێشاوە و بگرە ئەگەری هەڵکشانی ئاڵۆزی و بارگرژیی زیاتری لێدەکرێت، بەتایبەتی ئەوەی لە سووریادا بەدی دەکرێت، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** هەروەك دەزانن بەم دواییە چەندین پەرەسەندنی بەرچاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روویاندا و بارگرژییەکانیش بەرەو هەڵکشان چوون، دۆخی چەند وڵاتێکیش زیاتر و زیاتر ئاڵۆز دەبێت، وەك ئەوەی لە سووریادا دەیبینین، وەك کەسێکی تایبەتمەند لە کاروبارەکانی ئەم ناوچەیە رەوشەکە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ئەوەی پەیوەست بێت بە وڵاتی سووریاوە، ئەوا ئاشکرایە کە کارەسات و مەرگەساتێکی مرۆیی لەو وڵاتەدا روویداوە و تا ئێستاش بەردەوامە، کە چەندین لایەنی موعارەزە لەو وڵاتەدا، بە هەمان شێوە رژێمی دەسەڵاتداری سووریاش، لە چەندین تاوانی مەترسیدارەوە تێوەگلاوە، مەبەستم لە تاوانی جەنگە، هەروەك ئەوەی لە ئێستادا لە ناوچەی غوتەی رۆژهەڵات و ناوچەکانی دیکەدا بەدی دەکەین. یەکێکی دیکە لە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی پەیوەست بەم وڵاتەوە بریتی بوو لە بڕیارەکەی ئەمریکا بۆ جێگیرکردن و هێشتنەوەی هێزی سەربازی لە باکووری سووریا، سەرەڕای ئەوەی بە رادەیەکی گەورە داعش تێکشکێندراوە، بەڵام دەکرێت ئەمە بە هەوڵی ئەمریکا لێکبدرێتەوە بۆ بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاربوونەوەی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران و رووسیا لە سووریادا. کە ئەمەش دەچێتە خانە و چوارچێوەی بەکارهێنان، یاخود جێگیرکردنی هێزی سەربازی لەلایەن ئەمریکاوە لەسەر خاکی سووریا بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەر بێت لەسەر بژارە دیپلۆماتی و ستراتیژییەکانی ئەو وڵاتە. دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لە کاتێکدا من بەرهەڵستیی پشتیوانی ئێران و رووسیا بۆ رژێمەکەی ئەسەد دەکەم، ئەویش بە رەوچاوکردنی ئەوەی چەندین تاوانی جەنگ روویداوە لەسەر دەستی ئەم رژێمە، بەڵام پێموایە ئەوەی ئەمریکا ئەنجامی دەدات مایەی کێشەیەکی جددییە، بەتایبەتی لە روانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە، مەبەستم لە بڕیارەکەی ئەمریکایە کە ماف بە خۆی دەدات هێزە سەربازییەکانی لەسەر خاکی وڵاتێکی دیکە جێگیر بکات، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتە هەبێت. هەروەها ناکرێت ئاماژە نەکەین بە هێرشی وڵاتی تورکیا- هاوشان بە چەند هێزێکی سووری کە بوونەتە هاوپەیمانی تورکیا- بۆ سەر هێزی سووریای دیموکراتی- کە کوردی ئەو وڵاتە سەرکردایەتی

**راستە لە سووریادا تا رادەیەکی گەورە داعش تێکشکاوە، بەڵام هێشتا رێگایەکی دوورو درێژمان لە پێشە بۆ کۆتاییهێنان بە ئێش و ئازار و خوێنرێژی لەو وڵاتەدا**

**کورد کراوەتە ئامرازێک بۆ برەوپێدان بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا، ئەمە بە بێ ئەوەی پابەندبوونێکی درێژخایەن هەبێت بە گەلی کورد و بە خواستی ئەم گەلەوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و بۆ بەدیهێنانی خۆبەڕێوەبەری**

ئەم هێزە دەکات-، ئەم پەرەسەندنەش جێی داخە کە دەبینین ئەمریکا چەکی بۆ هەردوولایان دەستەبەر کردووە و ئێستاش ئەوان کەوتوونەتە ناکۆکی و ململانێوە و لەو میانەشدا خەڵك دەکوژرێن، کە ئەمەش وامان لێدەکات پرسیار و تێرامان بکەین لەبارەی ئەوەی چۆن ئەمریکا بازرگانیی چەك لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا دەکات لە ناوچەکەدا، لەگەڵ ئەو هەموو زیان و کاولکارییەی لێی دەکەوێتەوە. دواتر ئەگەر ئێمە لە هێزی سووریای دیموکراتی و لە یەپەگە بڕوانین — کە ئەمەی دواییان باڵادەستە لە نێو هێزەکەدا- ئەوا ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە توانیویانە هەندێ رواڵەتی خۆبەڕێوەبەری و حوکمڕانیی دیموکراتی بنیاد بنێن لەو ناوچانەی کە لەژێر دەستیاندا بووە، واتە لە هەموو ناوچەکانی دیکە گەشەکردووتر و ئارامتر و دیموکراتیتر بووە، کە جێی داخە دەبینین تورکیا پێداگیری دەکات لەسەر لەناوبردنی. خاڵی کۆتایی لەبارەی سووریاوە ئەوەیە کە ئەگەر بە گشتی لە رەوشی شەڕەکە بڕوانین، ئەوا ئاشکرایە کە رژێمی ئەسەد زیاتر و زیاتر دەسەڵاتی خۆی دەچەسپێنێت و خاکی زیاتر کۆنترۆڵ دەکاتەوە. کە هەندێ لەو خاکانەی کە کۆنترۆڵی کردوونەتەوە پێشتر لە ژێر دەستی داعش، یان گرووپە سەلەفییە توندڕەوەکاندا بوون، کە رەنگە خەڵکی ئەو ناوچانە خۆشحاڵ بن کە لە دەستی داعش و گرووپە توندڕەوەکانی دیکە رزگاریان بووە، بەڵام نابێت ئەو راستییەشمان لە یاد بچێت کە رژێمی ئەسەدیش بە رادەیەکی گەورە رژێمێکی سەرکوتکارە و تێوەگلاوە لە کوشتن و ئەشکەنجەدانی ئەو کەسانەی بەرهەڵستییان کردووە و لە روویدا راوەستاونەتەوە. هەر لەم روانگەیەشەوە دەتوانم بڵێم زۆرینەی زۆری خەڵکی سووریا نایانەوێت لە سایەی دەسەڵاتی رژێمی ئەسەددا بژین، هەروەها ناشیانەوێت لە سێبەری باڵادەستی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکاندا ژیان بەسەر ببەن. بەڵکو خواست و ویستی ئەوان بریتییە لە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی کە کەسی تێدا پەراوێز نەخرێت، چونکە ئێمە دەزانین کە نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی سووریا لە سەرەتاوە- کە لەساڵی ٢٠١١ دەستیان پێکرد- بە رادەیەکی گەورە نارەزایەتی ئاشتییانە بوون و توندوتیژییان لەخۆ نەگرت، بەڵکو داواکارییەکان چڕ ببۆوە لە کۆتاییهێنان بە گەندەڵی و ئازادییەکی بەرفراوانتر و بەدیهێنانی دادپەروەری لە رووی ئابوورییەوە و دەستەبەرکردنی دیموکراسی، بەڵام ئەوەی جێی داخە کە ئەو تێڕوانین و رۆئیایە رووبەڕووی سەرکوتکاری و داپڵۆسینی رژێمی ئەسەد بۆوە، لە هەمان کاتدا گرووپە توندڕەوەکانیش زیانیان بەو خۆپیشاندانە ئاشتییانە گەیاند. کەواتە ئومێد و هیوای من ئەوەیە کە ئەو کوشتار و کاولکارییە کۆتایی پێبێت و کۆمەڵگەی مەدەنی لە سووریادا دووبارە خۆی رێکبخاتەوە و بە شێوەیەکی ناتوندوتیژ کار بکات بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لەو وڵاتەدا کە سووریاش زۆر پێویستی بە گۆڕانکارییەکی لەم چەشنە هەیە.

*** هەروەك ئاماژەتان پێکرد، ئەوەی لە سەرەتادا لە سووریا روویدا، خۆپیشاندانی ئاشتییانە بوو، کە دواتر گۆڕا بۆ شەڕی ناوخۆیی و شەڕی بە وەکالەتی هێزی ئیقلمی و جیهانییەکان و ئێستاش ئەو وڵاتانە راستەوخۆ دەستێوەردان دەکەن، پێشتر رووسیا و ئێران و ئێستاش تورکیا، ئایا پێتوایە تورکیا بتوانێت کاریگەر بێت لەسەر رەوتی روداوەکان لە سووریادا؟**

- لە راستیدا دەستێوەردانی تورکیا لە سووریادا بەشێکە لە هەوڵەکانی ئەردۆغان بۆ گەڕاندنەوەی جڵەوی سەرکردایەتیکردنی ناوچەکە بۆ دەستی تورکیا، سۆزی گەڕانەوەش بۆ سەردەمی عوسمانییەکانی مایەی کێشە و گرفتە و لەلایەن ئەوروپییەکانیشەوە رەتکراوەتەوە. ئەوەی ئێستا بەدی دەکەین، ئەوەیە کە تورکیا لەبری ئەوەی هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، ئەوا کار و کۆشش دەکات بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دواتر خەڵکی سووریا کە لە پێکهاتەی کورد و عەرەبن، نایانەوێت بکەونە ژێر دەسەڵات و باڵادەستیی تورکیاوە، واتە ئەگەرچی پشتیوانی لە رژێمی ئەسەد، یان گرووپە چەکدارەکانی

دیکەی موعارەزە ناکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا نایانەوێت لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە حوکمڕانی بکرێن، ئیدی تورکیا بێت، یان ئەمریکا، یان ئێران، یان رووسیا، یان هەر هێزێکی دیکە. واتە هەستێکی بەهێزیان هەیە بۆ مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس و مافی خۆبەڕێوەبەری. کەواتە ئەگەرچی تورکیا دەیەوێت مومارەسەی دەستڕۆیشتوویی خۆی بکات، بەڵام پێموانییە لە مەودای دووردا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بە چەشنی ئەوەی هیچ هێزێکی دەرەکی دیکە نەیتوانیوە بەم چەشنە سەرکەوتوو بێت لەو ساڵانەی دواییدا.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە تورکیا و ئەمریکا ئەولەوییەتی جیاواز و تێڕوانینی جیاوازیان هەبووە لە پەیوەندی بە دۆخی سووریاوە، کە لەم رووەوە بارگرژیش دروست بووە لە پەیوەندییەکانی نێوانیاندا، ئایا لەبەر روشنایی پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەدا، بەتایبەتی هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین، پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا بە چ ئاقار و ئاڕاستەیەکدا دەڕۆن؟**

- راستە بۆ چەندین ساڵە ئەمریکا و تورکیا بۆچوونی جیاواز و ناکۆك بە یەکیان هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە بە شێوەیەکی گشتی و بە رادەیەکی گەورە پەیوەندییەکانی نێوانیان ئیجابی دەبن، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە ئەو راستییە لەبەرچاو بگرین کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ تاکە سەرۆکی بیانی بوو کە پیرۆزبایی لە سەرۆك رەجەب تەییب ئەردۆغان کرد بۆ سەرکەوتنی ریفراندۆمەکەی ساڵی پار- ئەوەی پەیوەست بوو بە گۆڕینی سیستمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی لە تورکیادا- کە سەرکەوتنی ریفراندۆمەکەش مایەی مشتومڕ بوو، هەروەها هەندێ جار گوزارشتی لە گومانی خۆی کرد بۆ گرنگیی بەردەوامیدان بە پشتیوانی هێزە کوردییە هاوپەیمانەکان لەم ناوچەیەدا. کەواتە ئەگەرچی ئەمریکا پێیوایە دەستێوەردان و لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر عەفرین کارێکی ئیستفزازییە و ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت زیانی لێبکەوێتەوە، بەتایبەتی کە ئەمریکا هێزی سەربازی هەیە لەو ناوچەیەدا، ئەوا پێموانییە کە زیانێکی دوورمەودا و درێژخایەن بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا بگەیەنێت، چونکە دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە ئەمریکا بنکەی گرنگیی سەربازی لە تورکیا هەیە و بڕێکی بەرچاوی چەکی بە تورکیا فرۆشتووە. هەروەها ئەمریکا وەك هێزێکی میانڕەو لە تورکیا دەڕوانێت بە بەراورد بە هێزە توندڕەوەکان و بە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی رووسیا. کەواتە لە دەرئەنجامدا دەکرێت بڵێین ئەگەرچی ناکۆکیی بەهێز هەیە لە نێوان تورکیا و ئەمریکادا، بەڵام لەو باوەڕەدام کە هەردوولا درێژە بە پەیوەندی باش دەدەن لە نێوانیاندا.

*** ئێوە باستان لەوە کرد کە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەمریکا لە هێشتنەوەی هێزی سەربازی لە سووریادا سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی هەڵکشاوی ئێرانە لەو وڵاتەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا هێندە هێز و کاریگەری هەیە لە سووریادا کە بتوانێت پەڕ و باڵی ئێران بکات لەو وڵاتەدا؟**

- ئەگەر هەوڵەکانی ئێران بۆ مومارەسەکردنی دەستڕۆیشتوویی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرئەنجام و دەرهاویشتەی نیگەرانییە رەواکانی ئێران بێت، ئەوا بە تێڕوانینی من پشتیوانی ئێران بۆ رژێمەکەی ئەسەد مایەی رەتکردنەوە و بەرهەڵستییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە هەندێ جار ئەمریکا زیاد لە پێویست رۆڵ و دەستڕۆیشتوویی ئێرانی بە گەورە پیشان داوە، چونکە ئێران هەڕەشەیەکی لەو چەشنە نییە لەسەر ئەمریکا. بەڵام حاشاهەڵنەگرە کە ئێران هێزێکی ئیقلیمییە و کاریگەریشی لە ناوچەکەدا لە هەڵکشاندایە، لە کاتێکدا کە لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا ئەمریکا ئاست و ئەندازەیەك لە هەژمونی هەبووە بەسەر ئەم ناوچەیەدا. کەواتە کاتێك ئێران کار بۆ قووڵکردنەوەی کاریگەریی خۆی دەکات لەم ناوچەیەدا، ئەوا ئەمە واشنتۆن نارەحەت دەکات. هەروەها من پێموایە جێگیرکردنی هێزی سەربازیی ئەمریکا لە سووریادا لەبری ئەوەی ببێتە هۆی دوورخستنەوەی ئەسەد لە ئێران، یان ببێتە مایەی ئەوەی ئێران میانڕەوتر هەڵسوکەوت بکات، ئەوا کاریگەریی پێچەوانەی دەبێت، چونکە بوونی هێزی دەرەکی لە سەر خاکی سووریا پاساو دەداتە دەستی رژێمی

**ئەمریکاش بە چەشنی هێزە دەرەکییەکانی دیکە بۆ چەندین دەیە کوردی بەکار هێناوە و دواتر پشتگوێی خستوون و پشتی تێکردوون**

**بوونی هێزی دەرەکی لە سەر خاکی سووریا پاساو دەداتە دەستی رژێمی ئەسەد بۆ ئەوەی ئەویش هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانیی هێزە دەرەکییەکان بدات**

ئەسەد بۆ ئەوەی ئەویش هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانیی هێزە دەرەکییەکان بدات. بە هەمان شێوە بوونی هێزی ئەمریکا لە سووریا کە هەندێ جار بۆردومانی ئەو میلیشیایانەیان کردووە کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن، کە هەندێ جار کەسانی ئێرانیشیان تێدا کوژراوە، تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران سوورتر و پێداگیرتر بێت لەسەر پشتیوانیکردن و بەردەوامیدان بە بەهێزکردنی رژێمی ئەسەد کە هاوپەیمانی ئێرانە. کەواتە لە کاتێکدا من خۆم بەرهەڵستیی ئەو رۆڵە دەکەم کە ئێران لە سووریادا دەیبینێت، بەڵام لەو باوەڕەشەدام کە کارەکانی ئەمریکا لەو وڵاتەدا تەنیا دەبێتەهۆی خراپترکردن و ئاڵۆزکردنی زیاتری رەوشەکە.

*** ئەی چۆن لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و کوردی سووریا دەڕوانن؟ ئایا پێتوایە ئەمە شەراکەتێکی ستراتیژییە، یاخود تەنیا پەیوەندییەکی کاتی و تاکتیکییە و بەندە بە شەڕی داعشەوە و هەر کاتێك ئەو شەڕە کۆتایی هات، ئەو پەیوەندییەش لە ئارادا نامێنێت؟**

- لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە ئەمریکاش بە چەشنی هێزە دەرەکییەکانی دیکە بۆ چەندین دەیە کوردی بەکار هێناوە و دواتر پشتگوێی خستوون و پشتی تێکردوون، لە ماوەی دەیەکانی رابردوودا چەندین جار ئەم حاڵەتە دووبارە بۆتەوە. هەروەها ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەمریکا هاوپەیمانێتی کردووە لەگەڵ پەیەگەدا، لە کاتێکدا کە پەیەگە گرووپێکی چەپڕەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە لە رووی مێژوییەوە ئەمریکا دژایەتی بزووتنەوەی چەپڕەوەکانی کردووە، نەك پشتیوانی لێ کردبێتن. هەروەها ئەمریکا پشتیوانییەکی گەورەی لە تورکیا کرد، لە هەڵمەتە توندەکانی بەرەنگاربوونەوەی یاخیبووانەدا- لە ساڵانی نەوەدەکان بە سەرەوە- لە ناوچە کوردییەکانی وڵاتەکەیدا، ئەمە لە کاتێکدا پەیوەندییەکی بەتین و نزیك هەیە لەنێوان پەکەکە و پەیەگەدا. لە هەمان کاتدا ئیدارەی ئەمریکا لە سەردەمی جۆرج بۆشی کوڕدا، بە نهێنی چەکی بۆ ئەو هێزە کوردییانە دەستەبەر کرد، کە لە باکوور و رۆژئاوای ئێراندا لە شەڕدا بوون لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە، لە کاتێکدا کە ئەو هێزانەش پەیوەندی هاوشێوەی پەیەگەیان لەگەڵ پەکەکەدا هەبوو. بەڵام کاتێك ئیدارەی ئۆباما دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەوا راستەوخۆ ئەو هاوکاری و یارمەتییانەی راگرت. بە هەمان شێوە لە بەرامبەر کوردی عێراقیشدا هەمان سیاسەت پیادە کرا، ئەوە بوو لە ساڵانی حەفتاکاندا پشتیوانی لێکردن و دواتر فەرامۆشی کردن و دواتر جارێکی دیکە پاڵپشتی لێکردنەوە. کەواتە لەم میانەدا کورد کراوەتە ئامرازێك بۆ برەوپێدان بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا، ئەمە بە بێ ئەوەی پابەندبوونێکی درێژخایەن هەبێت بە گەلی کورد و بە خواستی ئەم گەلەوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و بۆ بەدیهێنانی خۆبەڕێوەبەری.

*** ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ دەستڕۆیشتوویی هێزە دەرەکییەکان لە سووریادا، ئەوا راستە کە زۆر باس لە رۆڵی ئێران دەکرێت لەو وڵاتەدا، بەڵام ناکرێت رۆڵ و دەستێوەردانی رووسیاش لەو وڵاتەدا نادیدە بگرین، ئێوە کاریگەریی رووسیا لەسەر رەوتی رووداوەکان چۆن دەبینن؟**

- ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە رووسیا رۆڵێکی گەورەی بینیوە لە سووریادا، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە تا رادەیەکی گەورە رۆڵێکی وێرانکار و کاولکار بووە، کاتێك پشتیوانی لە رژێمی ئەسەد کردووە. هەروەها ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە سەرۆك پوتین سوورە لەسەر چەسپاندن و برەوپێدانی رۆڵی رووسیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە چەشنی رۆژگاری شەڕی سارد کە یەکێتی سۆڤیەت، دەستڕۆیشتوویی هەبوو لەم ناوچەیەدا. چونکە رووسیا سەرنج لەوە دەدا کە چۆن ئەمریکا چەند وڵاتێکی ئەورووپای رۆژهەڵاتی هێنایە نێو رێکخراوی ناتۆوە و پەیوەندی بە تینی لەگەڵ هەندێ لە کۆمارەکانی ناوچەی قەوقاز دروستکرد، وەك جۆرجیا، بە هەمان شێوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووسیا سەرنجی ئەوەیدا کە چۆن هاوپەیمانەکانی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت لەم ناوچەیەدا، وەك میسر و لیبیا و عێراق، ئێستا بوونەتە هاوپەیمانی ئەمریکا، بە هەمان شێوە لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەمەنی باشوور

**هەندێ جار ئەمریکا زیاد لە پێویست رۆڵ و دەستڕۆیشتوویی ئێرانی بە گەورە پیشان داوە، چونکە ئێران هەڕەشەیەکی لەو چەشنە نییە لەسەر ئەمریکا. بەڵام حاشاهەڵنەگرە کە ئێران هێزێکی ئیقلیمییە و کاریگەریشی لە ناوچەکەدا لە هەڵکشاندایە**

**ئەمریکا بنکەی گرنگیی سەربازی لە تورکیا هەیە و برێکی بەرچاوی چەکی بە تورکیا فرۆشتووە. هەروەها ئەمریکا وەک هێزێکی میانڕەو لە تورکیا دەڕوانێت بە بەراورد بە هێزە توندڕەوەکان و بە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی رووسیا**

کە هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیەت بوو. کەواتە لە روانگەی ئەم رووداو و پەرەسەندنانەوە رووسیا خۆی لەبەردەم دۆخێکدا بینیوە کە تەنیا سووریا هاوپەیمانێتی لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوە رووسیا پێداگیری دەکات لەسەر پاراستنی ئەم رژێمە بە چاوپۆشین لەوەی ئەمە چ دەرئەنجامێکی مرۆیی لێدەکەوێتەوە. لە هەمان کاتدا رووسیا مافی ڤیتۆی بەکار هێناوە بۆ رێگریکردن لە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ئەوەی بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت لە سووریادا کە بریتییە لە بنیادنان و پاراستنی ئاشتی. هەرچەندە ئەمریکا زیاتر لە رووسیا ڤیتۆی بەکارهێناوە بۆ بەرگریکردن لە ئیسرائیل و بۆ رێگریکردن لە ئیدانەکردنی ئیسرائیل لەسەر تاوانەکانی جەنگ و بۆ بەرگرتن بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەداکردنی رۆڵی خۆی لە هێنانەئارای ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا. کەواتە ئەمە دوو رووییەکی راستەقینەیە کە ئەمریکا رەخنە لە رۆڵی رووسیا دەگرێت. بە چاوپۆشین لە هەموو ئەوەی کە وترا، ئەوا رووسیا وەك هێزێکی گەورە دەمێنێتەوە لە سووریا و رۆڵی خۆی و هەڵوێستی خۆی دەبێت لە هەر رێککەوتنێکی ئاشتی کە لە سووریادا بێتەئاراوە.

*** ئەگەر لە بەر رۆشنایی پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە لە دۆخی سووریا بڕوانین، وەك دەستێوەردان و هێرشی سەربازیی تورکیا بۆ سەر عەفرین و وەك خستنەخوارەوەی فڕۆکەی شەڕکەری ئیسرائیلی لە ئاسمانی سووریا، ئایا دەکرێت بڵێین کە سووریا و ناوچەکە بە گشتی لەبەردەم رۆژگارێکی دوورو درێژی ناسەقامگیری و نائارامیدان؟**

- بەداخەوە لە زۆر رووەوە شەڕی ناوخۆیی سووریا شەڕی ناوخۆیی لوبنانمان بە بیر دەهێنێتەوە، چونکە کاتێك لایەنێکی سەرەکی دوچاری شکستێکی گەورە دەبوو، یان تێکدەشکا، ئەوا لەبەریەك هەڵدەوەشا و گرووپ و کاراکتەری نوێ سەریان هەڵدەدا و ئەمەش دەبووە هۆی درێژەکێشانی شەڕەکە. کەواتە راستە لە سووریاشدا تا رادەیەکی گەورە داعش تێکشکاوە، بەڵام هێشتا رێگایەکی دوورو درێژمان لە پێشە بۆ کۆتاییهێنان بە ئێش و ئازار و بە خوێنڕێژی لەو وڵاتەدا.

*** کەواتە رێگاچارە چییە و چۆن دەکرێت کارێك بکرێت بۆ ئەوەی بەڵای کەمەوە شەڕ و کوشتارەکە رابوەستێندرێت؟**

- دۆخی سووریا بە رادەیەك ئاڵۆزە بووە کە ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین لە ئایندەیەکی نزیکدا رێککەوتن یان چارەسەرێکی ئاشتی لەو وڵاتەدا بێتەئاراوە. چونکە لەلایەك ئەمریکا کار دەکات بۆ پتەوکردنی پێگەی سەربازیی خۆی لەو وڵاتەدا و ئێرانیش هەوڵی برەوپێدان و درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی خۆی دەدات و ئیسرائیلیش وەك هێزێکی سەربازیی کاریگەر، بە شێوازی جیاواز دەستێوەردان دەکات بۆ پاراستنی ئەوەی خۆی بە بەرژەوەندی خۆی دەزانێت. کەواتە ئەگەر هێزەکانی نێو سووریاش ئامادەییان هەبێت بۆ سازشکردن و بۆ گەیشتن بە جۆرێك لە رێککەوتن و چارەسەر، ئەوا هێزە دەرەکییەکان دەستێوەردان دەکەن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان. کەواتە نیگەرانی و ترسی من ئەوەیە کە ئێش و ئازاری خەڵکی سووریا بەردەوام بێت. ئەمەش ئەو پەندە ئەفریقییەم بە بیر دەهێنێتەوە کە دەڵێت: کاتێك فیلەکان بە شەڕ دێن، ئەوا گژ و گیایەکە دەشێلدرێت.

*** کەواتە ئەو ئاستەنگە چییە کە تا ئێستا رێگری کردووە لە گەیشتن بە رێککەوتن بۆ هێورکردنەوەی دۆخی سووریا؟**

- پێموایە کێشە سەرەکییەکە ئەوە بووە کە موعارەزەی سووری- بە هەردوو باڵی میانڕەو و توندڕەوییەوە- رازی نەبوون بە چارەسەرێك کە تێیدا ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەگەرچی رژێمی ئەسەد چەندین تاوانی دژ بە گەلەکی ئەنجامداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەسەد پشتیوان و جەماوەری تایبەت بە خۆی هەیە، واتە هێشتا کەمینەی وڵاتەکەی پشتیوانی لێدەکەن کە زۆربەی ئەندامانی ئەم کەمینەیە بەرژەوەندییان هەیە لە مانەوەی دۆخەکە وەك خۆی، ئیدی بەرژەوەندی ئایینی بێت، یان ئابووری، یان هەر بەرژەوەندییەکی دیکە. هەروەها ئەگەرچی زۆرینەی خەڵکی سووریا خوازیاری مانەوەی ئەسەد نین لە دەسەڵاتدا، بەڵام ترس و نیگەرانییەکی زیاتریان لە گرووپە ئیسلامیە توندڕەوەکان هەیە.

**دەستێوەردانی تورکیا لە سووریادا بەشێکە لە هەوڵەکانی ئەردۆغان بۆ گەڕاندنەوەی جڵەوی سەرکردایەتیکردنی ناوچەکە بۆ دەستی تورکیا، سۆزی گەڕانەوەش بۆ سەردەمی عوسمانییەکانی مایەی کێشە و گرفتە و لەلایەن ئەوروپییەکانیشەوە رەتکراوەتەوە**

**زۆرینەی زۆری خەڵکی سووریا نایانەوێت لە سایەی دەسەڵاتی رژێمی ئەسەددا بژین، هەروەها ناشیانەوێت لە سێبەری باڵادەستی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکاندا ژیان بەسەر ببەن**



### جەبار یاوەر ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ گوڵان:

# پرۆژە چاکسازییەکە سەرجەم جومگەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەگرێتەوە

## تا ئێستا هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بەردەوامە

**هەوڵەکانی ئەنجامدانی چاکسازی لە نێو وەزارەتی پێشمەرگە و هاوکارییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و گرنگیی دروستکردنەوەی بازگە و سەنتەری هەماهەنگیی هاوبەش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پرسی جموجووڵەکانی ئەم دواییەی داعش و چەند بابەتێکی دیکە بوونە تەوەری گفتوگۆیەکی گوڵان لەگەڵ جەبار یاوەر ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، کە لێرەدا پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە.**

*** وەزارەتی پێشمەرگە سەرقاڵی ئامادەکردن و جێبەجێکردنی پڕۆژەیەکی چاکسازییە، کە چەندین خاڵ لەخۆ دەگرێت و پەیوەندیدارە بە هەموو جومگەکانی وەزارەتەوە، ئایا هەنگاوەکانی ئەو پڕۆژە چاکسازییە بەکوێ گەیشتووە؟**

- وەزارەتی پێشمەرگە سەرقاڵی جێبەجێکردنی پڕۆسەیەکی چاکسازییە، بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێوەبەرایەتییەکمان بە ناوی بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی لە وەزارەت دامەزراندووە، ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە ئێستادا پڕۆژەیەکی ٣٥ خاڵی لایە و بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پڕۆژەکەش چەند تیمێك لە ئەفسەرانی وەزارەتی پێشمەرگە پێکهێنراوە و بەپێی پسپۆڕایەتی و شارەزاییان هەریەکەو لە بوارێکی ئەو چاکسازییە کار دەکەن، بەشێوەیەکی گشتی ئەم پڕۆژەی چاکسازییە پەیوەندیدارە بە هەموو جومگەکانی وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان هەر لە بوارەکانی کاروباری کارگێڕی و مەشق و ڕاهێنان و کەمئەندامان و مووچە و خانەنشینی و شێوازی جلوبەرگ، تاوەکو شێوازی پێکهێنانی هێزەکان لەخۆ دەگرێت. هەروەها ئەم پڕۆژەی چاکسازییە پەیوەستە بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، واتە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەگرێتەوە، چ لەناو وەزارەت بێت، یاخود لە هێزەکانی (٧٠ و ٨٠) بێت، لەناو پڕۆژە چاکسازییەکەشدا خاڵی گرنگ و سەرەکی بۆ یەکخستنی هەموو هێزەکانی پێشمەرگە هەیە.

*** ئایا ئەمە یاساکانی چاکسازیش دەگرێتەوە کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا؟ ئێوە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە چ تێبینییەکتان لەسەر یاساکە هەبوو، بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی خانەنشینیی پێشمەرگە؟**

- هەرچەندە یاسای خانەنشینی لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە، بەڵام بەپێی ئەو ناڕەزایەتییەی خەڵکی، بەتایبەتی لەسەر ماددەی ٣ی مووچەی خانەنشینی پەرلەمانتاران بڕیار دراوە یاساکە بگەڕێتەوە پەرلەمان و چاوەڕوانی ئەوە دەکەین ئەگەر ئەم یاسایە جارێکی تر هەموارکرایەوەو پەسەند کرا و لە وەقائیعی کوردستان بڵاوکرایەوە، ئەو کات بە وردەکاری و بەپێی ئەو خاڵانەی دیاریکراون و بەپێی بڕگەو ماددەکانی ئەو یاسایە ئێمە کاری پێویست ئەنجام دەدەین، دواتر کە یاسا دەردەچێت، ڕێنماییشی بۆ دەردەچێت، ئەگەر ئەمانە کرا، ئەوا هەرچی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بێت، بەتایبەتی بە خانەنشینییەوە، بە وردی جێبەجێی دەکەین.

*** شەهیدان بەگشتی و شەهیدانی شەڕی دژی شەڕی داعش بەتایبەتی و بێسەروشوێنەکان و بریندارەکانیان یەکێکە لەو مەسەلە هەستیارانەی کە زۆر باس دەکرێت، ئایا لەم بارەیەوە هیچ پڕۆژەو کارێکتان لەبەردەستدایە؟**

- بێگومان هەرچی بکرێت و دەکرێت بۆ خانەوادەی شەهیدان بەتایبەتی شەهیدانی دژی شەڕی داعش هەر کەمە، چونکە ئەو شەهیدانە گیان و خوێنی خۆیان بەخشییە نیشتمان و وڵاتەکەیان بۆ ئەوەی خەڵکی بە ئارامی و هێمنی بژی. هەروەها ئێمە هەوڵێکی زۆریشمان داوە چارەنووسی بێسەروشوێنەکانی هێزی پێشمەرگە لەشەڕی داعشدا بزانین، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لەسەر ئەم قارەمانانە هیچ سۆراخێکمان دەست نەکەوتووە، بەڵام ئێمە بۆ زانینی چارەنووسیان بەردەوامی بە هەوڵەکانمان دەدەین. سەبارەت بەو هەواڵەی لەسەر ئەو پێشمەرگەیە بڵاوکرایەوە کە لە زیندانەکانی عێراقەو حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە، ئێمەو فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق بەدواداچوونی وردمان لەسەر ئەم دۆسێیە کردو سەردانی ئەو زیندانەشمان کردو بۆمان دەرکەوت ئەم هەواڵە دوورە لە ڕاستییەوە.

*** ئایا هێزەکانی هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمریکا بەردەوامن لە هاوکاریکردن و یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە، بەتایبەتی لە بوارەکانی ڕاوێژکاری و دابینکردنی پێداویستییەکانەوە؟**

- تاکو ئێستا نەك تەنیا ئەمریکا، بەڵکو هیچ وڵاتێکیش کە هاوپەیمانە لەگەڵ ئەمریکا کۆمەك و هاوکارییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان ڕانەگرتووەو کەمیشیان نەکردۆتەوە، هەر لە کۆمەك و هاوکاری مەشق و ڕاهێنانەوە تاوەکو ڕاوێژکاری بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و دابینکردنی هەندێ لە پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە، جگە لەوەش لە پێدانی بەشێك لە مووچەی هێزەکانی پێشمەرگەش بەردەوامن.

*** تا ئێستا حکومەتی عێراق بەردەوامە لە پێشێلکارییە دەستووری و یاساییەکانی بەرامبەر هەرێمی کوردستان، ئەوەی پەیوەندی بە وەزارەتی پێشمەرگەوە هەیە، مەسەلەی دابینکردنی بەشە بودجەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، ئایا هیچ هەوڵێك لەمبارەیەوە دراوە بۆ ئەوەی مووچەو پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە دابین بکرێت؟**

**ڕاستە داعش بە ناو دەوڵەتە ئیسلامییەکەی لە دەست داوە و شارەکانی بەدەستەوە نەماوە، بەڵام تیرۆریستانی داعش لە زۆرێک لە ناوچەکانی موسڵ و سەلاحەدین و دیالەو دەوروبەری کەرکووک جموجوڵ و چالاکییان ماوە**

**تاکو ئێستا نەک تەنیا ئەمریکا، بەڵکو هیچ وڵاتێکیش کە هاوپەیمانە لەگەڵ ئەمریکا کۆمەک و هاوکارییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان ڕانەگرتووەو کەمیشیان نەکردۆتەوە**

**ئەو هەواڵەی لەسەر ئەو پێشمەرگەیە بڵاوکرایەوە کە گوایە لە زیندانەکانی عێراقەو حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە، دوورە لە راستییەوە و ئێمەو فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق بەدواداچوونی وردمان لەسەری کردو سەردانی ئەو زیندانەشمان کرد بۆمان دەرکەوت ئەم هەواڵە راست نییە**

**هەوڵێکی زۆرمان داوە چارەنووسی بێسەروشوێنەکانی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا بزانین، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا لەسەر ئەم قارەمانانە هیچ سۆراخێکمان دەست نەکەوتووە، بەڵام ئێمە بۆ زانینی چارەنووسیان بەردەوامی بە هەوڵەکانمان دەدەین**

**هەرچی بکرێت و دەکرێت بۆ خانەوادەی شەهیدان بەتایبەتی شەهیدانی دژی شەڕی داعش هەر کەمە، چونکە ئەو شەهیدانە گیان و خوێنی خۆیان بەخشییە نیشتمان و وڵاتەکەیان بۆ ئەوەی خەڵکی بە ئارامی و هێمنی بژی**

- لە پەیوەندی بەم پرسەوە، ئەوا لەساڵی ٢٠٠٧ەوە تاوەکو ئێستا- واتا ماوەی ٩ ساڵە- بڕگەیەك لە بودجەی گشتی عێراقدا بە ناڕوونی جێگیر دەکرێت، لەبەر ئەوە تاکو ئێستا بە هیچ شێوەیەك هیچ بڕە بودجەیەك لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دیاری نەکراوە. نەك هەر بودجە تەرخان نەکراوە بۆ پێشمەرگە، بەگرە هیچ جۆرە هاوکارییەکی دیکەش، وەك مەشق و راهێنان و پێداویستییەکانی دیکە و جلوبەرگ وچەك و تەقەمەنی بۆ هێزی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی دابین نەکراوە.

*** ئایا لەگەڵ دەرکەوتنەوەی جموجووڵەکانی تیرۆریستانی داعش و تێکچوونی ئارامی و سەقامگیریی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش دووبارە مەترسییەکانی داعش سەریهەڵداوەتەوە؟**

- کاتێك لەلایەن عێراقەوە راگەیەندراوێك بڵاوکرایەوە، بەوەی داعش لەعێراقدا کۆتایی هاتووە، ئێمە وەکو وەزارەتی پێشمەرگەو هێزەکانی پێشمەرگە- لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە هەواڵگرییانەی هەمانبوو- رامانگەیاند کە هێشتا داعش ماوە و کۆتایی نەهاتووە. چونکە راستە داعش بە ناو دەوڵەتە ئیسلامییەکەی لە دەست داوە و شارەکانی بەدەستەوە نەماوە، بەڵام تیرۆریستانی داعش لە زۆرێك لە ناوچەکانی موسڵ و سەلاحەدین و دیالەو دەوروبەری کەرکووك جموجوڵ و چالاکییان ماوە، ئەمەش واقیعەکەیە، لە چەند هەفتەی رابردووش چەند جارێك کردەوەی تیرۆریستیان ئەنجام داوە، کە یەکێکیان کوشتنی ٢٧ چەکداری حەشدی شەعبی بوو لە نزیك حەویجە. کەواتە، بەڵێ تیرۆریستانی داعش ماون، ئەگەرچی ناوچەی بەرفراوانیان بەدەستەوە نییە، بەڵام لە گوند و دۆڵ و شاخەکاندا و بە بەشێوەی گرووپی بچووك بوونیان ماوە و کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن و تا ئێستاش مەترسییان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەر ماوە.

*** دیارە بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی ناوچە کوردستانییەکان گرنگە، ئایا هیچ هەوڵێك دراوە بۆ ئەوەی دووبارە ئەم ناوچە کوردستانییانە بە هاوبەشی لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراقی بەڕێوەبچێت؟**

- بەڵێ، ئێمە لەمبارەیەوە چەندین جار گفتوگۆمان لەگەڵ هاوپەیمانەکان، بەتایبەتی هێزەکانی ئەمریکا و فەرماندە باڵاکانیان کردووە، کە لەم دواییەدا چەندین جار سەردانی کوردستانیان کردووە و کۆبوونەوەی باڵایان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان ئەنجام داوەو لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە کۆبوونەتەوە، ئێمەش باسمان لەوە کردووە کە گرنگە سەنتەرەکانی هەماهەنگی و بازگەی هاوبەش و ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی پێش ٢٠١٤ دابمەزرێنەوە لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سوپای عێراق، بەتایبەت لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بە پێچەوانەوە هەرگیز ئاسایشی ئەو ناوچانە سەقامگیر نابێت. ئێمەش لەم بارەیەوە چاوەڕوانی وەڵامی فەرمیی حکومەتی عێراقی فیدراڵین. چونکە پێشتر میکانیزمی ئەو جۆرە کارانە هەبووە و رێککەوتنیشی لەسەر کراوە و لەو رووەوە یاداشتی لێکتێگەیشتنمان هەیە لەنێوان ئێمەو حکومەتی فیدراڵیی عێراق بە ئامادەبوونی لایەنی ئەمریکی. ئەمەش رێککەوتن نییە و جۆرێکە لە کاری هاوبەش، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠١٤ەوە و بەتایبەتی دوای مانگی ئازاری ٢٠١٥ ئەو پرۆسەیە تاوەکو ئێستا وەستاوە، بەڵام ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی وەزارەتی پێشمەرگە داوامان لە حکومەتی فیدراڵیی عێراق کردووە، ئەم پرۆسەیە دەست پێ بکاتەوە، ئەگەرچی تا ئێستا حکومەتی عێراق وەڵامیشی نەداوینەتەوە.

*** لە سەرەتای ئەم مانگەدا هێزەکانی حکومەتی عێراق لە هەندێك ناوچە کشانەوە، ئەمەش بۆشاییەکی ئەمنی لێکەوتەوەو مەترسیی هاتنی گرووپە تیرۆریستەکانی داعشی لێکەوتەوە، ئایا هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەیە لەکاتی هێرشی داعش بەهانای خەڵکی ئەم ناوچانەوە بچێت؟**

- بەڵێ، هێزەکانی حکومەتی عێراق لە هەندێك لەو ناوچانە کشانەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەهیچ شێوەیەك جووڵەی پێ نەکراوەو نەچووە هیچ شوێنێکیان، چونکە چوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبێت بە رەزامەندی و هەماهەنگی بێت. بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەیە لە هەر کاتێکدا هەڕەشە لەسەر ناوچەیەکی کوردستانی دەرەوەی هەرێم هەبێت بە کەرکووك و ناوچەکانی خانەقین و جەلەولا سەعدیەو مەخموورو شنگال و باشیك و هەرناوچەیەکی تری کوردستانی، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەیە پارێزگاری و بەرگری لە خەڵکەکەو ناوچەکە بکات.



## پەروین محەمەدئەمین ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک:

# لە ئێستادا کوردی کەرکووک وەک دەستبەسەریان لێهاتووە

نکۆڵی ناکرێت لەو راستییە کە رەوشی ئەمنی و بگرە ژیانی ئاسایی خەڵکی کەرکووك لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لە دۆخێکی خراپدایە، خەڵکێکی زۆری ئەم شارە ئاوارە بوون و ئەوانەشی کە ماوونەتەوە لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانیدا دەژین، سەرباری هەموو ئەو ناڕەحەتی و ناهەموارییەش بڕیار دراوە کە هەڵبژاردن لەم شارەدا ئەنجام بدرێت. بۆ قسەکردن لەبارەی دوایی پەرەسەندن و پێشهاتەکانی پەیوەست بەم شارە و بۆ تاوتوێکردنی هۆکار و ئەگەرەکانی چارەسەرکردنی رەوشە ئاڵۆزەکە و گێڕانەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ ئەم شارە و چەندی پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ پەروین محەمەد ئەمین، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك ئەنجامدا، کە لێرەدا پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە.

**دەبێت هەموو هەوڵ و کۆششی خۆمان بخەینەگەڕ بۆ فریاکەوتنی شاری کەرکووک**

**ئەو پارێزگارەی بۆ کەرکووک دانراوە، هەرچییەکی بوێت، ئەنجامی دەدات و تەنانەت خەڵکێکی زۆری غەیری کوردی هێناوەتەوە ئەم شارە و ناسنامەی بۆ کردووە**

**ئەو باڵەی نێو یەکێتیش کە لە شارەکەدان، خۆیان کەرکووکیان رادەست کرد، ئیتر چۆن چاوەڕوانی ئەوەیان لێبکەین کە ئاڵای کوردستان هەڵبدەن؟**

*** تێکچوونی دۆخی ئارامی و سەقامگیریی پارێزگای کەرکووک هەڕەشەیەکی گەورە لە دانیشتووانەکەی دەکات، بەتایبەتی لە پێکهاتەی کورد، کە بەهۆی داگیرکردنی ئەو شارەوە دۆخێکی عەسکەرتاریەت دروست بووە، وەکو ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک چۆن دەڕوانیتە ئەم دۆخە؟**

- لە راستیدا دۆخی کەرکووک لە رەوشێکی زۆر خراپدایە، من خۆم بەردەوام پەیوەندیم هەیە لەگەڵ خەڵکی کەرکووکدا، واتە خەڵکەکە زۆر نارەحەت و نائاسودەیە، چونکە بە چەشنی جاران ناتوانن بە شێوەیەکی ئاسایی ژیان بەسەر ببەن، واتە ئێستا کۆت و بەندێکی زۆریان لەسەرە و وەك رابردوو ئازاد و سەربەخۆ نین. هەروەها ماوەیەك پێش ئێستا هێزەکانی حەشدی شەعبی هەڵیاندەکوتایە سەر ماڵەکان، کە ئەمەش رەفتارەکانی رژێمی پێشووی بیری خەڵکەکە دەخستەوە، واتە بە هەمان شێوەی سەردەمی رژێمی سەددام خەڵك نارەحەت دەکرێت و بگرە دەتوانم بڵێم لە ئێستادا کوردی کەرکووك وەك دەستبەسەریان لێهاتووە. کە ئەمەش جێی داخە، چونکە ئەوە هەر پێشمەرگە بووە کە ژیانی سەرجەم پێکهاتەی شارەکەی پاراست و ئەوە پێشمەرگە بوو کە خەڵکی ئەم شارەی بە هەموو لایەنەکانەوە لە دەستی داعش پاراست، باشە ئێستا ئەوان ئاوا پاداشتی پێشمەرگە دەدەنەوە. تەنانەت پێشتر -پێش رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر- یەکێك لە عەرەبەکان لە نێو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووکدا هاواری دەکرد کە با پێشمەرگە فریامان بکەوێت لە حەویجە. کەواتە ئەمە رەوشی شارەکەیە و ئێستاش کە باس لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکرێت، ئەوا پێموانییە هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانە بکرێت لەم شارەدا، چونکە خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوون کە ناشتوانن لە ئێستادا بگەڕێنەوە، گەڕانەوەی ئەوانیش بەندە بەوەی کە ئەم هێزانەی حەشدی شەعبی شارەکە جێبهێڵن، کە ئێمە ئەم داواکارییەمان ئاڕاستەی حکومەتی ئیتیحادی کردووە و دووبارە بارەگای حزبەکان رادەستی خۆیان بکرێتەوە و دۆخی شارەکە ئارام بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام بدرێت.

*** حکومەتی عێراقی بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو هێزانەی حەشدی شەعبی لە ناو شارەکەدا نەماونەتەوە و پاشەکشەیان کردووە، ئەوە تا چەند وایە؟**

- حەشدی شەعبی لە ناو شارەکەدا ماونەتەوە، بەڵام بە جلوبەرگی پۆلیسەوە دەردەکەون، ئاشکراشە کە ئەوان دەستیان بەسەر بارەگای حزبە کوردییەکانی ئەم شارەدا گرتووە و هەروەك ئاماژەم پێکرد رەوشەکە لە کەرکووك بە چەشنێکە کە تەنانەت ئەو کەسانەی هاوکار بوون لە رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەردا دەسەڵاتیان نییە و ناتوانن کوردی ئەم شارە بپارێزن، هەر لەبەر ئەوەشە کە کوردی کەرکووك وەك دەستبەسەری لێهاتووە. تەنانەت ئەوان کە هاتنە ئەم شارەوە سووکایەتیان بە ئاڵای کوردستانیش کرد، لە کاتێکدا ئەمە هەڵسوکەوتی ئێمە نەبوو لەگەڵ ئاڵای عێراقدا، ئێمە هەردوو ئاڵاکەمان هەڵدابوو. هەروەها ئێمە هیچ کەموکوڕییەکمان نەبوو بەرامبەر پێکهاتەکانی دیکە، بۆ نموونە جێگیری پارێزگاری شارەکە عەرەب بوو، بە هەمان شێوە ئێمە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگامان بۆ تورکمان تەرخان کرد، بەڵام خۆیان لەسەر کەسێکی دیاریکراو رێکنەکەوتن، ئەوە بوو کاك رێبوار بە وەکالەت دانرا، کەواتە ئۆباڵەکە لە ئەستۆی ئێمە نەبوو.

*** باشە پێتوانییە ئەم رەوشەی هاتۆتەئاراوە کاریگەری هەبێت لەسەر پێکەوەژیان لەم شارەدا و ئایا پێتوانییە کە رەوشە ئەمنییە نەخوازراوەکە کاریگەری لەسەر سەرجەم پێکهاتەکانی ئەم شارە هەبێت؟**

- لە راستیدا زۆرینەی خەڵکی ئاسایی عەرەب و تورکمان کێشەیان لەگەڵ کورددا نییە، بەڵام ئەوە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی چەند کەسایەتییەکی سیاسی و دیاریکراوی نێو عەرەب و تورکمانە کە هەڵوێستی نەخوازراویان لەبەرامبەر کورددا هەیە. دواتر رەوشی خراپی ئەمنیی ئەم شارە کاریگەری لەسەر سەرجەم پێکهاتەکان کردووە، من کەسێکی تورکمان پێی راگەیاندم کە کچەکەی پزیشکە و پێشتر بە شێوەیەکی ئاسایی دەوامی خۆی دەکرد لە نەخۆشخانە و ئەگەر پێویست بوایە شەویش لە نەخۆشخانە دەمایەوە، گوتیشی: لە ئێستادا مەحاڵە بتوانم رێگەی پێبدەم، چونکە دۆخەکە جێی دڵنیایی نییە.

*** باشە کە ئەمە رەوشی شارەکە بێت و**

**هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێكرد كە زەمینەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەم شارەدا لەبار نییە، بۆچی بڕیاردراوە لەم شارەدا ئەو هەڵبژاردنانە بەڕێوە بچن؟**

- من گلەییم لەو ئەندام پەرلەمانە كوردانەی خۆمانە لە بەغدا كە چۆن واژوویان كردووە لەسەر ئەوەی هەڵبژاردن بكرێت لەم شارەدا، چونكە هەروەك ئاماژەم پێكرد هیچ زەمینەیەكی لەبار نییە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەم شارەدا. تەنانەت ڕەوشەكە بە چەشنێكە كە خەڵكی هەست بە ئارامی و ئاسایش ناكەن، چونكە كوشتن و بڕین باڵی كێشاوە بەسەر ئەم شارەدا.

*** باشە چارەسەر چییە؟ ئایا دەكرێت پێداگیری لەسەر جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بكەین لە كاتێكدا كە ئیرادە و ئامادەیی لەلایەن حكومەتی عێراقەوە بەدی ناكەین لەم ڕووەوە؟**

- لە ڕاستیدا پێشتریش ئەندامە عەرەبەكان بە ئێمەیان دەوت كە ئەم ماددەیە بەسەرچووە و جێبەجێ ناكرێت و كۆتایی هاتووە. دواتر من پێموایە هەر نەدەبوو لە بنەڕەتدا ئەم ماددەیە لە دەستووردا جێگیر بكرێت، مەبەستم ئەوەیە كە ئەم ناوچانە ناوچەی كوردین و هیچ پێویستی بەوە نەدەكرد كە ماددەیەكی تایبەتی بۆ دابنرێت. دواتر كە دانرا، بۆچی بەدواداچوونی جددی بۆ نەكرا بۆ جێبەجێكردنی؟

*** دەوترێت لە كەركوك ڕێگە بە هەڵكردنی ئاڵای كوردستانیش نادرێت، ئەمە لە كاتێكدا كە دادگای ئیتیحادی عێراقی هیچ بڕیارێكی لە دژی بەرزكردنەوەی ئەم ئاڵایە دەرنەكردووە، ئەی بۆچی ئێستا هەڵنادرێت؟**

- پرسیارەكە ئەوەیە كێ هەڵیبدات، چونكە ئێستا پارتی دیموكراتی كوردستان لەو شارەدا نەماوە، ئەو باڵەی نێو یەكێتیش كە لە شارەكەدان، خۆیان كەركووكیان ڕادەست كرد، ئیتر چۆن چاوەڕوانی ئەوەیان لێبكەین كە ئاڵای كوردستان هەڵبدەن؟

*** باس لە جموجووڵی چەكدارانی داعش دەكرێت لە نزیك شاری كەركووك، تا چەند ئەمە مەترسیەكی ئەمنیی جددییە لەسەر ئەو شارە؟**

- ئەمە ڕاستە، خەڵكی لە دڵەڕاوكێدان و لەم ڕووەوە مەترسییان هەیە و نیگەرانن لەوەی هەمان چارەنووسی شاری موسڵ یەخەی ئەوانیش بگرێت.

*** ئایا ئێوە وەكو ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك ناتوانن كۆبوونەوەیەكی ئاسایی ڕێكبخەن و بەهاوكاری هەموو پێكهاتەكانی شارەكە سنوورێك بۆ ئەم دۆخە نەخوازراوە دابنێن؟**

- بۆ سازدانی كۆبونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك دەبێت نیسابی یاسایی تەواو بكرێت. هەروەها ئەوانیش ناتوانن بە بێ سەرۆكی ئەنجومەن ئەو كۆبونەوەیە ڕێكبخەن. دواتر من دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم كە ئەوەی جێی داخە ئەوەیە كە ئەو پارێزگارەی بۆ كەركووك دانراوە، هەرچییەكی بوێت، ئەنجامی دەدات و تەنانەت خەڵكێكی زۆری غەیری كوردی هێناوەتەوە ئەم شارە و ناسنامەی بۆ كردووە.

*** باشە ئەگەر حكومەتی عێراق لەسەر ئەم سیاسەت و هەڵسوكەوتانەی بەردەوام بێت، ئایا تا چەند ئەگەری ئەوە دەكرێت ڕەوشەكە خراپتر بێت؟**

- من هیوادارام كە هەوڵ و كۆششی تەواو بخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم دۆخە نەخوازراوە لەوە زیاتر درێژە نەكێشێت و كۆتایی پێ بهێنرێت. كە زۆر جێی داخە ئەو ڕەوشە لە ئارادایە، ئێستا ئەو خەڵكانەی لە كەركووكەوە ئاوارە بوون لە ڕەوشێكی خراپدان، تەنانەت خەڵكانێك هەن لە دوزخورماتوو كە خانووەكانیان سووتێندراوە و تەقێندراونەتەوە، كە من وێنەكانیم داوەتە نەتەوە یەكگرتووەكان. مەبەستم ئەوەیە كە ئێمەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك لێرە ئەوەندەی پێمان كرابێت هەوڵی خۆمان داوە لەم ڕووەوە. بەڵام هەروەك ئاماژەم پێكرد چارەسەر لەدەستی سەركردە و بڕیاربەدەستەكاندایە، ئێمە دەبێت فریای كەركووك بكەوین، چونكە بە داخەوە دەڵێم كە ئەگەر كار و كۆششی جددی نەكەین، ئەوا كەركووكمان لە دەست دەچێت، لەبەر ئەوە دەبێت هەموو هەوڵێك بخەینەگەڕ بۆ گەڕاندنەوەی ئەو شارە.

*** ئەی چۆن لە لێدوان و بەڵێنەكانی عەبادی دەڕوانیت لەبەرامبەری كوردستاندا كە تا ئێستا لە ڕووی عەمەلییەوە هیچ هەنگاوێكی هەڵنەگرتووە و هیچ شتێك جێبەجێ نەكراوە، ئێوە هۆكاری ئەمە بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

- ئێمە دەبێت ئەمە گرێ بدەینەوە بە هەڵبژاردنەكانەوە، مەبەستم ئەوەیە عەبادی دەیەوێت دەنگی زیاتر لە هەڵبژاردنەكانی داهاتوودا كۆبكاتەوە.

**زۆرینەی خەڵكی ئاسایی عەرەب و توركمان كێشەیان لەگەڵ كورددا نییە، بەڵام ئەوە هەڵوێست و هەڵسوكەوتی چەند كەسایەتییەكی سیاسی و دیاریكراوی نێو عەرەب و توركمانە كە هەڵوێستی نەخوازراویان لەبەرامبەر كورددا هەیە**

**ڕەوشەكە لە كەركووك بە چەشنێكە كە تەنانەت ئەو كەسانەی هاوكار بوون لە ڕووداوەكانی ١٦ی ئۆكتۆبەردا دەسەڵاتیان نییە و ناتوانن كوردی ئەم شارە بپارێزن**

# ئایندەی وزەی عێراق دەکەوێتە باکوورەوە

پشتیوانیی ئەمریکا بۆ پڕۆژەکانی هەناردەکردنی نەوتی عێراق کە تورکیا و کەنداو و ئەوروپا لەخۆ بگرێت، یارمەتیدەر دەبێت بۆ راگرتنی دەستڕۆیشتوویی زۆر و زەوەندی ئێران.

سەرەڕای ١٥ ساڵ لە قەیرانی ئەمنی کە ئەگەر دووچاری کۆمەڵگەکانی دیکەوە ببوایە، ئەوا زۆریان لەناو دەچوون، کەچی ساڵ بە ساڵ عێراق رێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی زیاتر کردووە کە بۆتە هۆی ئەوەی سێکتەری وزەی ئەم وڵاتە ببێتە چیرۆکێکی سەرکەوتن لەسەر ئاستی جیهان. لە میانەی ئەم بەرەوپێشچوونەدا، نەوت و غازی عێراق، یان لەلایەن ئێران و هاوپەیمانەکانیەوە ئیستیغلال دەکرێت، یاخود بۆ خۆشگوزەرانی خەڵکی عێراق سوودی لێوەردەگیرێت، کە وڵاتەکەش دەگۆڕێت بۆ ناوەندێکی هەناردەکردنی وزە لە نێوان وڵاتانی کەنداو و تورکیا و ئەوروپادا. ئەمریکا بەرژەوەندییەکی بەهێزی ستراتیژی هەیە لە هاتنەدی دەرئەنجامی دووەمدا.

**• کەرتێکی خێرا گەشەکردوو**

لە کۆنفرانسی پەترۆڵی عێراق لە بەرلین کە لە کۆتایی مانگی رابردوودا سازکرا، بەرپرسان و بزنسکاران و شرۆڤەکاران ئەوەیان پێڕاگەیەنرا کە عێراق بۆتە ژمارە دووی وڵاتانی بەرهەمهێنەرانی نەوتی ئۆپێك، چونکە ساڵی رابردوو نزیك بووە لە بەرهەمهێنانی ٥ ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا کە رۆژانە نزیکەی ٤ ملیۆن بەرمیلی نەوتی هەنارده کردووە. لەوەش زیاتر، عێراق پلانی پڕۆگرامێکی گەورەی هەناردەکردن لە رێی دەریاییەوە دادەڕێژێت، بە ئامانجی زیاترکردن و بەرفراوانکردنی بەرهەمهێنان، بۆ ئەوەی لە سەرەتادا ٧ ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرهەم بهێنێت، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بیگەیەنێتە ٩ ملیۆن بەرمیل.

ئەگەر ئەم ئامانجەی کۆتایی بەدەست بهێنێت، ئەوا لە رووی بەرهەمهێنانی نەوتەوە دەچێتە ریزی وڵاتانی سعودیە و ئەمریکا و رووسیاوە.



**نووسینی: مایکڵ نایتس و جەیمس جێفری**

لە سایتی "Washington institute for near east policy" بڵاو کراوەتەوە.

هەروەها عێراق دەتوانێت بڕێکی زۆر بەرهەم بهێنێت، کە لە ئێستادا نزیکەی ١٦ ملیار مەتری سێجا لە ساڵێکدا غاز بەفیڕۆ دەچێت و دەسووتێت، کە دەکاتە (لە سەدا ٠,٥)ی بەرهەمی جیهانی. ئەگەر پڕۆژە هاوبەشەکەش لەنێوان شێڵ، میتسۆبیشی و حکومەتی عێراقدا بێتەدی، ئەوا دەبێتە گەورەترین هەوڵ لەسەر ئاستی جیهانی بۆ گەڕاندنەوەی ئەو غازەی کە دەسووتێت و بە هەدەر دەچێت، کە لە دەرئەنجامدا ٢ ملیار مەتر سێجا لە ساڵێکدا دەگەڕێنێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا.

پلانی بەرزەفڕانەی عێراق ئەوەیە کە کەڵک لەو غازە وەربگرێت و سەرجەم غازی بەرهەمهێنان بەکار بهێنێت و ڕێگە نەدات هیچ بسووتێت لە ساڵی ٢٠٢١دا. ئامانجەکە لە سەرەتادا ئەوەیە کە جێی بەرهەمهێنانی نەوت بگرێتەوە کە تێچوونی زیاترە و کارایی کەمترە و پتریش ژینگە پیس دەکات، بەڵام ئەگەر عێراق بگاتە ئەم ئامانجە، ئەوا نەك هەر دەبێتە هەناردەکاری غاز، بەڵکو دەبێتە ناوەندی تێپەڕبوونی غاز کە تورکیا، ئێران، سووریا، ئەردەن، سعودیە و ئابوورییە سەرەکییەکانی دیکە پێکەوە گرێ دەدات.

## ● کوردستان و نەوتی کەرکووك

گرنگترین ئاستەنگ لەبەردەم ئەم پلانانەدا بریتییە لە ناکۆکیی بەردەوامی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان لەبارەی نەوتی باکووری عێراقەوە. کێڵگەکانی نەوتی کەرکووك- بە شێوەیەکی تایبەتی- مایەی مشتومڕن، بە چەشنێك ناکۆکی خوڵقاندووە کە بۆتە هۆی ئەوەی تورکیا و ئێرانیش تێوەبگلێن و جار بە جاریش واشنتۆن ڕۆڵی ناوبژیوان ببینێت.

کێشەکە ئەو کاتە دەستی پێکرد کە دەستووری ٢٠٠٥ ڕۆڵێکی گرنگی بە کوردستان بەخشی بۆ پەرەپێدانی کێڵگە «نوێ»یەکان کە کوردستانیش کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتی بانگهێشت کرد و گرێبەستی هاوبەشیکردنی بەرهەمی لەگەڵدا واژوو کردن. لەگەڵ ئەوەشدا

دەستوورەکە داوا لە حکومەت دەکات- لە ڕێی سۆمۆوە، کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوت،- نەوتی سەرجەم وڵاتەکە بە بازاڕ بکات، لە نێویاندا نەوتی هەرێمی کوردستان. لە بەرامبەردا، لە بودجەی فیدراڵی لە سەدا ١٧ی داهاتی نەوت بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان دەکرێت (کە دەکاتە نزیکەی لە سەدا ١٢ دوای دەرکردنی هەندێ خەرجی سەروەری، ئەگەرچی ژمارەکان هێشتا تەم و مژاوین). هەرێمی کوردستان ڕێگەی نەداوە کە سۆمۆ نەوتەکەی هەناردە بکات، لەگەڵ ئەوەشدا، بەشە بودجەی فیدراڵی نەدراوە و ڕەوانە نەکراوە. لە ئێستادا و لە دوایین بودجەی عێراق تەنیا لە سەدا ١٢ی داهاتی نەوت بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە. هەردوولا بەردەوام هەوڵیان داوە بە هاوکاریی ئەمریکا جیاوازییەکانی نێوانیان پەردەپۆش بکەن، بەڵام دواتر ڕێککەوتنەکان شکێنراون و ناکۆکییەکان دەستیان پێکردۆتەوە.

کاتێک داعش لە ساڵی ٢٠١٤دا باکووری عێراقی داگیرکرد، شاری کەرکووک و کێڵگە نەوتییەکانی ئەو شارە لەلایەن سوپای عێراقەوە بەرگری لێنەکرا، بەڵکو لەلایەن پێشمەرگەوە پارێزرا، کە کۆنترۆڵی ئەو کێڵگەیانەیان کرد و دەستیان کرد بە هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک لە ڕێی بۆری کوردستانەوە بۆ سنووری تورکیا و لەوێشەوە بۆ بەندەری جەیهان. بە زۆری خودی نەوتەکەیان ڕەوانەکرد، نەک بەرهەمەکانی. بەغدا خۆشحاڵ نەبوو بەمە، بەڵام لەو کاتەدا هیچ بژارەیەکی نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا و لە دوای تێکشکاندنی داعش، حکومەتی مەرکەزی دەرفەتی بەدی کرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە ئەیلوولی ڕابردوودا ئەنجامدا. لە نێو فشارێکی ئیقلیمی گەورەدا، بەغدا گرەوی سەربەخۆیی لە ناوبرد و کەرکوکی گرتەوە.

لە ئێستادا ناکۆکییەکە پەیوەستە بەوەی چۆن نەوتی کەرکووک هەناردە بکرێت و کێ ئەو نەوتە بە بازاڕ بکات کە لە هەرێمی کوردستانەوە دەچێتە بەندەری جەیهان. لە هەمان کاتدا، نەوتی خەمڵێنراوی کەرکوک-کە ٣٠٠،٠٠٠ بەرمیلە لە ڕۆژێکدا- ڕاوەستاوە.

**ئێران دەیەوێت عێراق پشت بە غازەکەی ببەستێت کە بە نرخێکی گران پێی دەفرۆشێت، ئەگەری ئەوەش هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم غازە بۆ سووریاش هەناردە بکات**

**● هاوبەشەکانی عێراق لە بواری وزەدا**

کاتێک گەمەکارە نێودەوڵەتییە گەورەکان لە عێراق دەڕوانن، ئەوا نەک تەنیا دەستەبەرکردنی وزە و بازاڕێکی دەوڵەمەند بۆ هەناردەکراوەکانیان بەدی دەکەن، بەڵکو ئەگەری دەستکەوتی جیۆپۆلەتیکیش دەبینن و بە شێوەیەکی تایبەتی بایەخ بە نەوتی ڕاوەستاوی کەرکووک دەدەن.

● **ڕووسیا:** ڕۆزنەفت کە کۆمپانیای سەرەکیی نەوتی سەر بە دەوڵەتە، بە بڕی ٣ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی کردووە لە کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش خاوەندارێتی بەشێکی ئەو بۆرییە لە خۆدەگرێت کە لە کەرکووکەوە بۆ کوردستان و لەوێشەوە بۆ سنوورەکانی تورکیا درێژ دەبێتەوە، کە گرێدەدرێتەوە بە هێڵی جەیهانەوە (بەشێکی بۆریی کەرکوک-جەیهان کە لە دەرەوەی خاکی کوردستانەوە بۆ سنووری تورکیا تێدەپەڕی، لەلایەن داعشەوە وێران کرا).

● **تورکیا:** هێشتا ئەنقەرە ڕێگە بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەدات (کە نزیکەی ٣٠٠،٠٠٠ بەرمیلە لە ڕۆژێکدا) بۆ جەیهان، بانگەشەی ئەوە دەکات کە ناتوانێ هەناردەی ئەو نەوتە ڕادەستی سۆمۆ بکات، تاوەکو بەغدا قەرزی نەوتی هەرێمی کوردستان نەداوەتەوە. ئەنقەرە بەرژەوەندیی ستراتیژی و بازرگانی ڕوونی هەیە لە مانەوەی هەرێمی کوردستانی خۆبەڕێوەبەر و دۆست لە باکووری عێراقدا. هەروەها تورکیا ئومێدی ئەوە دەکات کە بڕێکی گەورەی غاز لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەو وڵاتە هەناردە بکرێت، کە بە نرخێکی کەمتر لە بازاڕ بەدەستی دەهێنێت و بە بێ ئەوەی لە شوێنێکی دوورەدەستەوە دەستەبەری بکات.

لە هەمان کاتدا، ئەنقەرە دەیەوێت بەغدا سازش لەو داوایە بکات کە لە دژی تورکیا بەرزی کردۆتەوە لەبەرامبەر ڕێگەدانی بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی بۆری تورکیا و عێراقەوە کە هەردوولا خاوەنین. هەروەها ئەنقەرە چاوی لە دەرفەتە بازرگانییەکانە لە بازاڕی ساغبوونەوەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی نێو عێراقدا. لە ڕاستیدا، تورکیا لەنێو کۆمەکبەخشە گەورە نێودەوڵەتییەکاندا بوو و بەڵێنی بەخشینی ٥ ملیاری دا لە کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی عێراق کە لە مانگی ڕابردودا لە کوەیت بەڕێوەچوو.

● **ئێران:** حاڵی حازر كۆماری ئیسلامی بە نرخێكی گران كارەبا و غاز هەناردەی عێراق دەكات، هەروەها هەوڵی بەهێزكردنی دەستڕۆیشتوویی خۆی دەدات بەسەر كەرتی بەرهەمهێنانی كارەبا لە عێراقدا. بە هەمان شێوە چاوی لەوەیە كە بۆرییەك لە كەركوكەوە بۆ ئێران دروست بكات، بۆ ئەوەی نەوتی باكووری عێراق لە ڕێگە تەقلیدییەكەوە و لە ڕێی توركیاوە هەناردە نەكرێت، تاوەكو لە كۆتاییدا نەوتی خاوی ئێران لە ڕێی بەندەرەكانی كەنداوەوە هەناردە بكات لە بری پاڵاوتنی نەوتی خاوی عێراقەوە. لە كاتێكدا كە بەغدا لە ناكۆكیدایە لەگەڵ كوردستاندا، ئەوا هەوڵیدا بەشێك لە نەوتەكە لە ڕێی تەنكەرەوە هەناردەی ئێران بكات، كە ئەم كارەش بەربەستی بۆ دروست بوو، بەهۆی بوونی پاشماوەی داعشەوە لەو ناوچەیەدا. هەروەها دەسەڵاتدارانی عێراق هەڕەشەی ئەوەیان كرد كە نەوتی كەركووك لە ڕێی بۆرییەوە بۆ ئێران دەگوازنەوە.

لە هەمان كاتدا پرسە جیۆستراتیژیەكەش پرسێكی گەورەیە. ئەگەر حكومەتی بەغدا- كە شیعە زۆرینەیە تێیدا و باڵادەستە بەسەریدا- بڕیاریدا كە ڕێگەیەك بۆ هەناردەكردن لە ڕێی ئێرانی شیعەوە بكاتەوە لەبری ئەوەی ئەم ڕێگەیە بە ناوچە كوردییەكان یان سوننەكانی عێراقدا بڕوات، ئەوا خۆی دەخاتە كامپی لایەنە پەراوێزخراوەكانەوە و لە سەدا ٤٠ی دانیشتووانەكەی دەكاتە هاووڵاتی پلە دوو و متمانەپێنەكراو. بە هەمان شێوە، هەڵبژاردنی ئێران لە بری توركیا گورزێكی گەورە دەبێت لە پێگەی توركیا، ئەویش لەبەرچاوگرتنی هێزی ئابووری و پابەندبوونی توركیا بە ئاوەدانكردنەوەی عێراقەوە- ئەمە ئەگەر باس لەو زیانە نەكەین كە بەر دەرفەتەكانی ئاوەدانكردنەوەی عێراق دەكەوێت.

● **ڕاسپاردەكان بۆ ئەمریكا**

لە سایەی ئەم هەلومەرجەدا، میانگیرییەكی نێودەوڵەتی- بە سەركردایەتی ئەمریكا- پێویستە بۆ ئەوەی ئێران سەركەوتنێكی دیكە تۆمار نەكات. سەرۆك وەزیرانی عێراق حەیدەر ئەل عەبادی بەم دواییە پاشگەزبۆوە لە بڕیارەی هەناردەكردنی نەوتی كەركووك بۆ ئێران و پێشنیاری ئەوەی كرد كە دەكرێت بەرهەمە مەحەلییەكە لە ڕێی بۆری كوردستانەوە هەناردە بكرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەمەی جێبەجێ نەكردووە، ئەویش ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت كە ئەم سازشە دەبێتەهۆی لاوازكردنی پێگەكەی پێش هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی مانگی ئایار.

لە كاتێكدا كە ڕەنگە پێویست بێت ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی چاوەڕێ بكەن، تاوەكو ئەو هەڵبژاردنانە دەكرێن و دواتر ڕێككەوتنێك بهێننەئاراوە، بەڵام هێشتا دەبێت ئەولەوییەت بدەنە هەوڵەكانی داڕشتنی وردەكارییەكانی ڕێككەوتنی هەناردەكردن و دابەشكردنی داهات لەنێوان بەغدا و هەرێمی كوردستاندا. ئێران دەیەوێت عێراق پشت بە غازەكەی ببەستێت كە بە نرخێكی گران پێی دەفرۆشێت، ئەگەری ئەوەش هەیە لە ئایندەیەكی نزیكدا ئەم غازە بۆ سووریاش هەناردە بكات. كەواتە پشت بە یەك بەستنی زیاتری ئێران و عێراق لە ڕووی وزەوە- لە نێویاندا ئاڵوگۆڕی نەوت و بەكارهێنانی كۆمپانیا ڕێگەپێدراوەكانی ئێران لە پڕۆژەكانی دروستكردنی بۆرییەكانی عێراقدا- تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی عێراق كەمتر گرێ بدرێتەوە بە بازاڕی ئازاد و بە سەرمایەی نێودەوڵەتییەوە.

بۆ ڕێگریكردن لەم دەرئەنجامە، پێویستە ئەمریكا كاریگەریی خۆی بەكار بهێنێت بۆ دروستكردنی ڕێڕەوی وزەی باكوور-باشوور كە تێیدا عێراق دەبێتە ناوەندێكی وزە لەنێوان وڵاتانی كەنداو- وەك وڵاتی دۆست- و توركیا و لە كۆتاییدا پردێكی هەناردەكردن بۆ ئەورووپا دروست دەبێت. هەروەها پێویستە واشنتۆن پشتیوانی لە پڕۆژەی بۆری بەسرە-حەدیسە-عەقەبە بكات بۆ ڕەوانەكردنی نەوت و غازی عێراق بۆ ئەردەن. ئەم پڕۆژەیە هاوشان بە چاككردنەوەی بۆری ستراتیژیەتی باشوور- باكوور و بە پێچەوانەوە، كە دەبێتەهۆی گرێدانەوەی ناوچەی باشووری دەوڵەمەند بە نەوت و غازی عێراق بە توركیاوە، دەبێتەهۆی كەمكردنەوەی پشتبەستنی عێراق بە هەناردەكردنی نەوت لە ڕێی كەنداوی فارسییەوە، كە تێیدا عێراق دەتوانێت دەست بەسەر تێرمیناڵی عێراقدا بگرێت و گەرووی هورمز بە بارمتە بگرێت. لە كۆتاییدا، بەغدا دەتوانێت ڕۆڵێكی سوودبەخش ببینێت وەك ناوەندی تێپەڕبوونی غاز لەنێوان كەنداو، ئەورووپا و ناوچەی شامدا.

**كاتێک داعش لە ساڵی ٢٠١٤دا باكووری عێراقی داگیركرد، شاری كەركووک و كێڵگە نەوتییەكانی ئەو شارە لەلایەن سوپای عێراقەوە بەرگری لێنەكرا، بەڵكو لەلایەن پێشمەرگەوە پارێزرا، كە كۆنترۆڵی ئەو كێڵگەیانەیان كرد**

# له رۆژی جیهانیی ئاودا
# لانیک بۆ ئایندەی ئاوی کوردستان



(٢٢)ی ئاداری هەموو ساڵێك، بە بڕیاری نەتەوە یەكگرتووەكان لەمانگی (دێسەمبەر)ی ساڵی (١٩٩٢)ەوە كراوە بە رۆژی جیهانیی ئاو. بەم بڕیارەش (ئەنجومەنی جیهانیی ئاو) وەك رێكخراوێكی تایبەت بە باس و توێژینەوەكانی ئاو دامەزرا، ئەم ئەنجومەنەش راسپێردرا بۆ رێكخستنی (كۆڕبەندی جیهانیی ئاو)، كە هەر (٣) ساڵ جارێك كۆنفرانسێكی جیهانی بۆ ماوەی یەك هەفتە سازدەكات. لەئاستی عێراقیشدا لە بەرواری(١٩-٦-٢٠١١) دا، وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەكانی عێراق داوای رەزامەندیی كرد بۆ پەسەندكردنی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئاو، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش لەدانیشتنی ژمارە (٢٦)ی رۆژی (٣١-٥-٢٠١١)دا، بە بڕیاری ژمارە (١٩٦)ی ساڵی (٢٠١١) رەزامەندی نیشاندا لەسەر پێكهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئاو، بە سەرۆكایەتی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی لایەنە پەیوەندیدارەكان، بۆیە ئەنجومەنی شورای دەوڵەتیش وردەكارییەكانی خۆی لەسەر یاساكە تەواو كرد لە بەرواری (٢٨-٢-٢٠١٢). ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٤)ی بەرواری (٥-٦-٢٠١٢)دا، رەزامەندیی نیشاندا لەسەر پڕۆژە یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ ئاو، فەرمانگەی یاساییشی راسپارد بۆ هەمواركردنی بەو جۆرەی كە سەربەخۆیی دارایی و كارگێڕیی ئەنجومەنەكە دابین بكات و پەرلەمانی عێراقیش پەسەندی بكات.

بەپێی لێدوانی حكومەتی عێراق (ئەم ئەنجومەنە كاردەكات بۆ دانانی سیاسەتێكی دوورمەوداو ستراتیژی بۆ دابینكردنی بەشە ئاوی عێراق لە ئاوە نێودەوڵەتییە هاوبەشەكان و پاراستنی دەرامەتە ئاوییەكان و باش بەكارهێنانی و دابەشكردنی بەشێوەیەكی دادپەروەرانە لەنێوان هەرێم و پارێزگاكان و بوارە بەكارهێنەرەكانیدا، چونكە ئاو بابەتێكی گرنگی پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی عێراقەوە).

ئەم ئەنجومەنە — وەك ئاماژەی بۆ كراوە — بە سەرۆكایەتی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت و ئەندامێتی هەریەك لە جێگرەكانی سەرۆك وەزیران و هەر یەك لە وەزیرانی دەرەوەو سەرچاوە ئاوییەكان و كشتوكاڵ و پلاندانان و كارەباو پیشەسازی و شارەوانی و ژینگەو زانست و تەكنەلۆژیاو كاروباری پارێزگاكان و راوێژكاری ئاسایشی نەتەوەیی و وەزیرانی كشتوكاڵ و سەرچاوە ئاوییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەخۆی دەگرێت. هەروەها ئەم ئەنجومەنە دوو لیژنەی دەبێت:



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

یەکەم: لیژنەیەکی باڵا بۆ دانوستان سەبارەت بە ئاوە نێودەوڵەتییە هاوبەشەکان، بە سەرۆکایەتی وەزیری دەرەوەو ئەندامێتی وەزیرانی سەرچاوە ئاوییەکان و کشتوکاڵ و ژینگە و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی.

دووەم: لیژنەی باڵای بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاوە نێو خۆییەکان بە سەرۆکایەتی وەزیری سەرچاوە ئاوییەکان و ئەندامێتی هەریەك لە وەزیرانی پلاندانان و کارەباو پیشەسازی و شارەوانی و ژینگەو زانست و تەکنەلۆژیاو کاروباری پارێزگاکان و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و وەزیرانی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

شایانی باسە وابڕیار دراوە کە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئاو، فەرمانگەیەکی شارەزایانی ببێت کە پێکدێت لەو پسپۆڕانەی کە لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی نێو ئەنجومەنەکەن، کاری ئەم فەرمانگەیەش بریتی دەبێت لە ئامادەکردنی توێژینەوەی پەیوەست بە سیاسەتەکانی ئاو و کشتوکاڵ و ژینگە و راوێژکاریی لەسەر ئەو بابەتانەی کە لەلایەن لیژنە ناوبراوەکانی ئەنجومەنەوە ئاراستە دەکرێن و ئامادەکردنی راپۆرت لەبارەی بەدواداچوونی ئەو پلانە نیشتمانییە خاوەن رەهەندە ستراتیژییانەی کە ئەنجومەن بڕیاریان لەسەر دەدات.

هەروەها ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ئاو هەوڵ دەدات بۆ زیادکردنی توانای گلدانەوەی ئاو لە بەنداوەکانی عێراقداو هەوڵدان بۆ بنیادنانی بەنداوێکی نوێ لەبەردەم شەتتولعەرەبدا و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی ئاوی عێراق لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەردا.

پێشنیارم بۆ پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە بە وردی ئاگاداری ئەو یاسایانە بن و خوێندنەوەی وردی لەبارەوە بکەن، چونکە زۆربەی رێڕەوی ئاو لە هەرێمەوە بۆ ئەو دوای عێراق دەڕوات، ئاویش هیچی کەمتر نییە لەنەوت و، وەك گوتراویشە شەڕی ئایندە شەڕی ئاو دەبێت.

لەلایەکی دیکەشەوەو لەدوای گۆڕانکارییەکانی شازدەی ئوکتۆبەر و پیادەکردنی دەستووری عێراق و ئەژمارکردنی بەنداوەکانی هەرێم بە پرسێکی سیادی و سەر بە دەسەڵاتی فیدڕاڵی لە بەغدا و سەرفکردنی مووچەی ٤٠٠ لە بەڕێوەبەر و فەرمانبەر و ئەندازیارانی بەنداوەکانی هەرێم لەلایەن بەغداوە، بەڕێوەبردن و کارپێکردنی ئەو بەنداوانەش دەکەونە دەستی حکومەتی عێراقەوە، بۆیە پێویستە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم خوێندنەوەو پلانێکی نوێیان بۆ ئایندەی ئاوی کوردستان هەبێت.